دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٣٤

www.kurdistanukurd.com

چوارشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٣٨٩- ٥ی مەی ٢٠١٠ - ١٥٠ تمەن • ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



سیاسی



کرێکاری کورد و ئەو مافانەی پێشیان نازانێ!

٤

سیاسی



ئەنفال، هۆلۆکۆستی نەتەوەی کورد

٦


ئەندێشە




پرەنسیپە تیۆریکییەکانی دێمۆکراسی و جۆرەکانی

٨

ئەدەب و هونەر



وەک گزینگی بەربەیانان بێئەمان و دنیاگربن

١١


سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# ئێمە نە مینمان درووست کردووە نە بە کارمان هێناوە، بەڵکوو خۆمان قوربانیی ئەو چەکە وێرانکەرەین

## بە بۆنەی یەکی مای، رۆژی جیهانیی کرێکارانەوە

**قادر وریا**

کرێکاران، ئەو چینە زەحمەتکێشەن کە زۆرترین رۆڵیان لە بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان دا هەیە و بە هێزی مەچەکیان و کار و رەنجی بێبڕانەوەیان، ژیان و کۆمەڵ بەرەو پێش دەبەن. بەڵام، بۆ خۆیان کەمترین پشکیان لەو خۆشی و پێشکەوتن و بەرهەم و ئاوەدانییە پێ دەبڕێ کە دەیخوڵقێنن.

دەکرێ بڵێین ئەوان نموویەکی هەرە دیار لە چەوسانەوە و ماندووبوونن کە سەرەڕای ئارەقڕشتنی بەردەوام و شەکەتیی جیسمی بێ کۆتایی و زۆرترین بەشداری لە هەڵسووڕاندنی چەرخی سنعەت و بەرزکردنەوەی کۆشک و تەلار و بینای جوان و خوڵقاندنی ئیمکاناتی ئاسوودەیی و بەختیاری، بەردەوام لەگەڵ هەڕەشە و نیگەرانی بەرەو روون. هەڕەشەی دەرکران لە کار، کەمکردنەوەی هەقدەست، پەککەوتن لە ئاکامی رووداو و پێشهاتی شوێنی کار و نیگەرانی لە چۆنیەتی دابینکردنی نان و بژێوی سبەینێی خۆیان و بنەماڵەکەیان، ناهێڵن ئەم چینە زەحمەتکێش و بە جەستە ماندووە، لە باری فکری و رۆحی و رەوانییشەوە، بحەسێنەوە و هەست بە ئاسوودەیی بکەن. خەباتی کرێکاران لە پێناوی بنیاتنانی دنیایەکی باشتر و نەهێشتنی چەوسانەوەو، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و دەرفەتەکانی ژیان و بەرێچوون، خەباتێکی رەوایە. هەر ئەم داوا رەوایانە و ئەو خەباتە بە حەقەن کە بزووتنەوەیەکی بە هێزی کرێکارییان لە ئاستی وڵاتان و لە رادەی جیهانی دا، وەرێ خستوە.

کرێکارانی ئێران، سەرەڕای بەرەوڕوو بوون لەگەڵ جیاوازیدانان و چەوسانەوەی جۆراوجۆری وەک نەتەوەیی، ئایینی و جینسی وەک هەموو هاونیشتمانانیان، لەگەڵ رێژیمێک بەرەورووون کە نەک هەر قانوون و رێوشوێنە دیاریکراوەکانی خۆی، بەڵکوو هێزی دەزگای سەرکوتی خۆشی خستۆتە خزمەت خاوەنانی سەرمایە و کڕیارانی هێزی کار. بەمەشەوە نەوێستاوە و کەوتۆتە دەستبەسەرداگرتن و پاوانکردنی ئابووریی وڵات و ئێستا خودی رێژیمەکەو بە تایبەتی سوپای پاسداران، سەرمایەداری سەرەکیی وڵاتن. لە خۆرا نیە لە هەر جێیەک دەنگی ناڕەزایەتیی کرێکاران بەرز دەبێتەوە و مانگرتن بە دژی هەلومەرجی چەوسێنەرانەی شوێنی کارو، سیاسەتی چەوسێنەرانەو دژ بە کرێکاران روودەدا، دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی قۆڵ لەسەرکوت و تێکشکاندنی هەڵ دەماڵن.

بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران، بزووتنەوەیەکی سەرانسەری و روو لە گەشەیە کە شانبەشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران و شێلگیرتر لە هەموو بزووتنەوە ئیعترازییەکان، داواکاری نەمانی ستەم و چەوسانەوە و دامەزرانی دنیایەکی باشتر بۆ هاونیشتمانانە. پشتیوانی لە خەباتی رەوای کرێکاران و بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و، دەنگ هەڵبڕین دژی ستەم و چەوساندنەوەیەک کە لەلایەن دەوڵەت و چینی سەرمایەدارەوە، رووی لە کرێکارانە، ئەرکی هەموو بزووتنەوەیەکی دێموکراتیک و پێشکەوتوویە. پێویستیشە بایەخدان بە ویستەکانی چینی کرێکارو خەبات لە پێناوی ژیانێکی باشتر بۆ کرێکاران، بەشێکی سەرەکی و هەمیشەیی لە بەرنامەو سیاسەتی هەموو حیزبێکی خەباتگێرو دێموکرات و هەموو جووڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخواز بێ.

بە بۆنەی رۆژی یەکی مای، رۆژی جیهانیی هاوپێوەندیی کرێکاران، پیرۆزبایی لە کرێکارانی کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان دەکەین و، هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ خەباتی رەوایان، دووپات دەکەینەوە. خەبات لە پێناوی دنیایەکی باشتر بۆ هەمووان، بە تایبەتی بۆ چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی کرێکار، بە ئەرکی خۆمان دەزانین و پێی لەسەر دادەگرینەوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان رێکەوتننامەی ژێنیڤاکاڵی ئیمزا کرد

بەیانیی رۆژی سێشەممە، ٢٤ ی خاکەلێوە هەیئەتێکی رێکخراوی ژنیڤاکاڵ بە سەرۆکایەتیی خاتوو ئێلیزابێت دێکرێ وارنێر، سەرۆکی رێکخراوی ژنێڤاکاڵ سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی پیشوازییان لێ کرا.

خاتوو ئێلیزابێت دێکرێ وارنێر، سەرۆکی رێکخراوی ژنێڤاکاڵ لەو سەردانەی دا خۆشحاڵیی خۆی بۆ سەردانی کوردستان و دیدار لە گەڵ رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و پیشوازیی لە هەوڵی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ژێنێڤاکاڵ کرد.

لەو سەردانەدا دوو لایەن باسیان لە بارودۆخی سیاسیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان راپۆرتێکی لە سەر دوایین بارودۆخی کوردستان و پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشکێشی هەیئەتی میوان کرد...


درێژە لە لاپەڕەی ٢




## هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گەڵ هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆ بۆوە



رۆژی دووشەممە ١٣ی بانەمەڕ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو سەردانەدا لە لایەن بەڕێزان کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و هەیئەتێکی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە پێشوازییان لێ کرا.

هەر دوو هەیئەت بە بەشداریی سکرتێری گشتیی هەر دوو لایەن لە دانیشتنێکی رەسمی دا رووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران و هەلو مەرجی سیاسیی ئێستایان خستە بەر باس.


درێژە لە لاپەڕەی ٢


## کۆبوونەوەی چالاکانی مەدەنیی کرماشان لە ماڵی کاوە قاسمی



دوای تێپەڕبوونی ٣مانگ بە سەر دەسبەسەر کرانی چالاکی مەدەنی و تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤی کورد، کاوە قاسمی دا دەیان کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کرماشانی سەردانی ماڵی ناوبراویان کرد و لەگەڵ دایکیدا کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کرماشانی رێزیان لە کاوە قاسمی گرت و وێڕای ئەوەی کە بە تێکڕا جەختیان لە سەر بێتاوان بوونی ناوبراو کردەوە، داوایان لە بەرپرسانی دادوەری و ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی کرد کە هەرچی زووتر ئازادی بکەن.

چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کرماشان هەروەها ئەو تۆمەتانەی کە دەزگا ئەمنیەتییەکان وەپاڵ" کاوە قاسمی" یان داوە، بە بێ بنەما وەسف کردو فشارهێنان بۆ سەر ناوبراویان بۆ داننان بە تۆمەتی هەڵبەستراوی جاسووسی، بە کارێکی نەشیاوو ناعادیلانە لە قەڵەم دا.

لەو کۆبوونەوەیەدا دایکی کاوە ناڕەزایەتیی خۆی لە درێژکرانەوەی ماوەی دەسبەسەر کرانی کوڕەکەی دەربڕی و رایگەیاند کە ئەو و بنەماڵەکەی زۆر نیگەرانی باری جەستەیی کاوەن.

شایانی باسە کاوە قاسمی لە ١٤ی رێبەندانی ساڵی رابردوو لە لایەن ئیتلاعاتی کرماشانەوە دەستبەسەر کراو تۆمەتی جاسوسی دراوەتە پاڵ.

کەڕووبی بە تەشەرەوە بە بەسیجیەکان دەڵێ:


## ئێوە کێشەی بێکاریتان چارەسەر بووە!



میهدی کەڕووبی دوای ئەوەیکە لە چەند مانگی رابردوودا چەندین جار لە لایەن بەسیجی و لیباس شەخسییەکانەوە هێرشی کرایە سەر، دوایین جار لە کاتی بەشداری لە پرسەی باوکی وەزیری فەرهەنگ دا هێرشی کرایە سەر.

بە پێی هەواڵەکان لە کاتی هاتنە دەرەوەی کەڕووبی لە رێورەسمەکەدا بە دەیان بەسیجی هێرشیان کردە سەر ناوبراو و دروشمی "مەرگ بەر منافق" یان دەدا. دەوترێ لەگەڵ ئەوەیکە پارێزەرانی هەوڵدەدەن لە شوێنەکەی دوور خەنەوە، بەڵام ناوبراو رادەوستێ و قسەیان بۆ دەکا و لە نێو قسەکانی دا بە تەوسەوە پێیان دەڵێ: ئێوە لیباس شەخسی و بەسیجییەکان وادیارە وەک خەڵکی دیکە سەیر ناکرێن و کێشەی بێکاریتان چارەسەر کراوە. کارتان ئەوەیە بە فیتی کەسانێک هەر رۆژە هێرش بکەنە سەر کەسانێکی دیکە و کوتەک کاریان بکەن و بێرێزیان پێبکەن.

## مامۆستایانی کورد لە کێوی ئاویەری سنە کۆبوونەوە



مامۆستایانی شاری سنە رێورەسمی رۆژی مامۆستایان لە بەرزاییەکانی کێوی ئاویەر بەڕێوە برد.

رۆژی هەینیی رابردوو (١٠ی بانەمەڕی ١٣٨٩) کۆمەڵێک لە مامۆستایانی پارێزگای سنە لە سەر بانگهێشتنی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان رێورەسمی رێزگرتن لە رۆژی مامۆستایان لە بەرزاییەکانی کێوی ئاویەر بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ئەو رێورەسمەدا یەکێک لە مامۆستایان ئەوەی روونی کردەوە کە مامۆستایانی پارێزگای سنە وا بڕیار بوو ساڵی رابردوو لە رۆژی ٣ ی رەزبەر، رۆژی جیهانیی مامۆستایاندا وێڕای هەموو مامۆستایانی دنیا جێژن بگرن، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیزنی بەڕێوەبردنی ئەو رێورەسمەیان پێ نەداون.

لەو رێورەسمەدا بڕیارنامەیەک خوێندرایەوە. لە سەرەتای ئەو بڕیارنامەیەدا هاتوە کە ئەو ساڵیش وەک ساڵانی رابردوو بە دڵێکی بە ژان و چاوی پڕ فرمێسک و دەنگی نووساوەوە رۆژی مامۆستایان لە ئێران تێپەڕ دەکەین. ١٢ی بانەمەڕ رۆژێکە کە لە رۆژژمێرە فەرمییەکان دا بە رۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. ئەو رۆژە رۆژی کەسانێکە کە سەر پۆلەکانی وانەگوتنەوەدا دنیایەکی جوانتر و باشتر لە سەر تەختەرەشەکان بۆ منداڵەکان دەنووسنەوە و بە بەردەوامیی ژیان هیواداریان دەکەن، بەڵام لە نێو دڵی خۆیان دا گڕکان گڕکان خەم و ژانی تێدا دەبینرێ.

لە درێژەی ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە مامۆستایانی ئێران بە چی دڵخۆش بکەن لە حاڵێک دا دەبینن کە مامۆستا فەرزادی کەمانگەر بە تاوانی فێرکردنی وانەکانی ژیان بە قوتابییەکانی حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپاوە و مامۆستایانی وەک رەسوڵ بداقی و هاشم خاستار بە تاوانی رەخنەگرتن لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێستا و پێشنیار کردنی رێکاری نوێی پەروەردە خراونەتە گرتووخانەوە.

## ئێران برەو بە دیاردەی ئێعتیاد لە وڵاتانی دراوسێی دەدا

ئاژانسەکانی هەواڵی رۆژهەڵاتی نێوەراست لە چەند رۆژی رابردوودا چەندین هەواڵ و بابەتیان لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گیرۆدەکردنی دانیشتووانی وڵاتانی دراوسێ بە مادە هۆشبەرەکاندا بڵاو کردۆتەوە.

رۆژنامە "شرق الاوسط" رۆژی ١٠ی بانەمەڕ لە هەواڵێک دا بڵاوی کردەوە کە کاربەدەستێکی پایەبەرزی وڵاتی بەحرەین رایگەیاندوە کە ئێران راستەوخۆ ئاسانکاری بۆ هێنان و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ریازو مەنامە دەکا.

بەرپرسی رێکخراوی بەربەرەکانێ لەگەڵ مادە هۆشبەرەکانی عەرەبستانی سەعوودییش لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی ٢٧ وڵات دا کە نوێنەری ئێرانیش تێیدا بەشدار بوو، رایگەیاند زانیاریمان لەبەردەست دایە کە کۆماری ئیسلامی رێگە بۆ ئەو قاچاغچیانە خۆش دەکا کە بە کاروانی مادە هۆشبەرەکانەوە بە ئێران دا تێدەپەڕن. هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کاربەدەستێکی بەحرەینی وتی کە لێکۆڵینەوە ئەمنیەتییەکان ئاشکرایان کردوە کە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئێران دەستیان لە ناردنە دەرەوەی مادە هۆشبەرەکان دا هەیە.


درێژە لە لاپەڕەی ٢

# سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە شاری هەولێرکۆ بۆوە



کوردستان : دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوکاریی کومیتەی هەولێرو ناوەندی ٣ی حیزب ڕۆژی چوارشەممە ٨ ی بانەمەڕ کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکاران و ئەندامان و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر بۆ کاک خالید عزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا، کاک عومەر باڵەکی نوینەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر لە وتەیەکی کورت دا وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان ئامانجی کۆبوونەوەکەی روون کردەوە.

کاک خالیدعزیزی لە سەرەتای باسەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو یاسایانەی کە ئێستا لە ئێران کاریان پێ دەکرێ، و ئەم سیستمەی ئێستای ئێران ولامدەری ویست وداخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نیە و ئەو جموجوڵەی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران هاتە ئاراوە، بوو بەدەرفەتێک بۆ هاتنە ئارای ویست و داخوازییەکانی خەڵک.

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان روونی کردەوە کە ئەو ڕاپەرین و جموجوڵانە دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر کردەوەی دەسەڵات دا، بەڵام ئیستا تەنیا لە دژکردەوەیەکی کاتی دا قەتیس نەماوەتە و باس و خواسی جۆراوجۆری هێناوەتە ئاراوە و لە ئێستا دا راستە کە مەیدانی پێ نادەن، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە دانەمرکاوە و تێک نەشکاوە.

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دریژەی باسەکەی دا ئاماژەی بەو کۆدەنگیانە کرد کە پێویستە بەرامبەر بە رژیم بێنە ئاراوە. بەوەی کە هەر هێزیکی سیاسی دەبێ بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی خەبات، مێتود و شێوازی گونجاوی خەباتیان بۆ قوناغەکان هەبێ .

کاک خالید لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد کە حزووری ئیمە و چۆنیەتیی کاری ئیمە لەگەڵ ڕووداوەکان کاریگەریی لە سەرداهاتووی سیاسی ئیمە هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕە دایە کە ئەگەر بمانەوێ ئاسو و دوورەدیمەنی چارەنووسی نەتەوەی کورد دارێژین، دەبێ هەوڵ بدەین لە داهاتوودا دۆستی زۆرتر و هاوپەیمانی زیاترمان هەبێ.

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ هێزیکی سیاسی کە ٣٠ ساڵە، ڕێگای جۆراوجۆر و مێتودی جیاوازی خەبات و تێکۆشانی بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی تاقی کردوەتەوە، دەبێ مەیدان بۆبەشداریی زیاتری خەڵک لە رووداوەکان دا دروست بکا.

کاک خالێد عزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بە مەبەستی زیاتر ئاگادار بوون لە سەر هەڵویستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە داهاتووی ئێران و جموجولەکانی بزوتنەوی سەوز، باسی لە پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سەوز کردو ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ڕایبەرایەتیی بزووتنەوەی سەوز لە نێوخودا ودەرەوە پێوەندیمان هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بەراشکاوی روانگەکانی خۆی لە مەڕ کێشەکانی ئێران پێ ڕاگەیاندوون و بۆ ئەوانی روون کردۆتەوە کە ئێرانی داهاتوو جیاوازی دەبێ لەگەڵ ئێرانی ئیستا و دەبێ لە ئێرانی داهاتوودا فرەنەتەوەیی و کێشەسیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان و هەموو تەنەوعاتەکانی دیکە لە بەر چاو بگیرێن.



شایانی باسە کە پاش تەواو بوونی باسەکەی کاک خالیدعزیزی بەشدارانی کۆڕەکە پرسیار و روانگە و بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵ سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایە ئاراوە کە بەشیکیان رەخنەو تێبینی بەشداران لە سەر روانگەو هەلویستەکانی حدک و ئەو رەخنانە بوو کە بە گشتی بەرەورووی بزوتنەوەی ئازادیخۆازیی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبنەوە و کاک خالیدی عزیزی ویرای بەرز نرخاندن و بە پێویست زانینی بەشداریی زیاتری ئەندامان ولایەنگران حیزب لە سەر باس و پرسە سیاسییەکان و چالاکتربوونیان، وەڵامی راو سەرنجی بەشدارانی دایەوە.

---

دریژەی

# حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێککەوتننامەی ژنێڤاکاڵی ئیمزا کرد



و پرسی مینرێژکرانی کوردستان و تەقینەوەی مین لە کوردستان و ئەژماری زۆری قوربانییانی ئەو کارەساتە و بارودۆخی قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان لە لایەن هەردوولاوە خرایە بەر باس و تاوتوێ کرا.

پاشان ڕێککەوتننامەی ژێنێڤاکاڵ و بانگەواز دژی مینی دژی نەفەر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئیمزا کرا.

کاک خالید عەزیزی لە کاتی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا و لە وەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێری ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد نیوز دا وتی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نەتەوەی کورد نە مینمان دروست کردوە و نە بەکارمان هێناوە. بەڵکوو ئێمە قوربانیانی ئەو چەکە وێرانکەرەین و بۆیەش دژایەتیی دروستکردن و بەکارهێنان و هەڵگرتنی دەکەین.

خاتوو ئێلیزابێت دێکرێ وارنێر، سەرۆکی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵیش لە وەڵامی پرسیارێک دا وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەت و ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ مینرێژ کردنی کوردستان و کەمتەرخەمیی ئەو ڕێژیمە بۆ هەڵگرتنەوەیان، پیشوازیی لە هەوڵە مرۆیی و ئاشتیخوازانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

شایانی باسە کە ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ ریکخراوێکی ناحکوومیی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە وبە پشتیوانیی ئەو ڕێکخراوەیە بانگەواز بۆ دژایەتیکردنی دروستکردن و هەڵگرتن و عەمبارکردنی مینی دژەنەفەر دەکا.

---

دریژەی:

# دیداری هەیئەتێکی پایەبەرزی حدک لە گەڵ دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

دیتنەوەی جیگەو پێگەی کوردو چۆنیەتیی شوێن دانانی بزووتنەوەی کوردستان لەسەر بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وردی کەوتنە بەر سەرنج و هەر دوو لا روانینەکانی خۆیان لەسەر هەموو مەسەلە گرینگەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە خستە بەرباس.

دوای باسێکی تێروتەسەل و راشکاوانە کە کۆمەڵێک بابەتی سیاسیی گرتبووەخۆ، هەر دوو هەیئەت گەیشتنە ئەو بڕوایە کە خوێندنەوەیەکی هاوبەشیان لەمەڕ تێکڕای ئەو مەسەلانە هەیەو پێویستە هەوڵ بدەن ئاستی پێوەندییەکانی ئەو دوو حیزبە لە ئاستی پێوەندییەکی جێبەجێکاردا بێ.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا، پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کەوتنە بەرباس و هەر دوو لا پێداگرییان کردەوە لەسەر پێویستیی پتەوکردنی پێوەندیی نێوانیان و هەوڵدان بۆ خوێندنەوە لە پێناو دارشتنی بەرنامەیەک بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئامانجانەی باسیان لێوە کراوە.

هەر لەو باسانەدا دیاری کردنی مکانیزمی چۆنیەتی هاوکاری و کاری هاوبەش و دوو لایەنەو هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگەی عەمەلیی هاوکاریی نێوان هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستاندا وەک ئەرکی هاوبەشی هەر دوو لا داندرا.

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەڕیزان خالد عەزیزی، سکرتێری گشتی، حەسەن ڕەستگار و کەماڵ کەریمی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی ، کوێستان فتووحی ، سیامەک وەکیلی و رامبۆد لوتف پووری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و فەتاح ئیلخانی زادە، ئەندامی کومیسێونی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات پێک هاتبوون. لە لایەن هەیئەتی خانەخوێشەوە بەرێزان عەبدوڵڵا مەهتەدی، سکرتێری گشتی، ئەبووبەکر مودەریسی و بەهمەن عەلیار، ئەندامانی دەفتەری سیاسی ، ئەنوەر محەممەدی ، ساڵح شەریفی، عەبدوڵڵا عەزیمی، سالار پاشایی و عەلی جەواهیری بەشداری ئەو دانیشتن و کۆبوونەوەیە بوون.

---

دریژەی

# کۆماری ئیسلامی دیاردەی ئێعتیاد لە وڵاتانی دراوسێدا، پەرە پێ دەدا

هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتیی ئەو وڵاتانە لە ئێران، ڕۆژنامەی «هاوڵاتی» لە باشووری کوردستان لە ڕێپۆرتاژێک دا کە ڕۆژی ١٠ی بانەمەڕ بڵاوی کردۆتەوە ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە ویرووسی ئایدز لە باشووری کوردستان دەکاو لە زمانی کارناسانەوە جیرانێتی ئێران بە هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئایدز لە قەلەم داوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەندین ڕاپۆرتی ئەمنییەتی ئاشکرایان کردوە کە پاش رووخانی ڕێژیمی بەعس و ئاوەڵا بوونی دەستی ئێران لە عێراق دا، بە دەیان هەزار هاووڵاتی عێراق لە ماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بوون. ساڵی ٢٠٠٧ زیاتر لە ٣٧ هەزار کەس تەنیا لە شاری نەجەف گیرۆدە بوون. هەروەها بە پێی ئەو ڕاپۆرتانە کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا هەوڵ بۆ پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە بە تایبەت لە باشووری عێراق دەداو دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی خۆی زیاتر لە عێراق دا بسەپێنێ. دەوترێ کە جگە لەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ تووشبوان دابین دەکا، هەردوو یان سێ مانگ جارێ بڕی ٣٠٠ تا ٥٠٠ دۆلار یارمەتیی ماددەی بە تووشبوان دەکا.

---

# بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی یادی ٣٠ ساڵەی شەڕی ٢٤ ڕۆژەی نێو شاری سنە

لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی بەڕێوەبەری و پێکهێنانی ساڵیادی ٣٠ ساڵەی شەری ٢٤ ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی بێ دیفاعی شاری سنە ڕۆژی شەممە، ٤ ی بانەمەڕ ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە هۆڵی ( شیستا ترێف) لە شاری ستۆکهۆڵم پێک هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەکی لە کوردانی دانیشتوی تاراوگە و نوێنەرانی هێزە سیاسیەکان، هونەرمەندان، رووناکبیران و خەڵکی کورد بە گشتی و شاری سنە بە تایبەتی تێیدا بەشدار بوون، ئەو ڕووداوە مێژووییەی کوردستانی ئێران خوێندنەوەی بۆ کرا.

لەو یادە دا چەندین کەس لەوانەی کە خۆیان بەشداری ئەو کارەساتە ببوون وتاریان پێشکەش کرد و هونەرمەندان بە سروود و گۆرانی یادی ئەو کارەساتەیان کردەوە. هەر لەو کۆڕیادەدا نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان هەر یەکە و بە جودا پەیام یان وتاری تایبەتی خۆیان پێشکێش کرد.

لەو یادەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتبوو لە هاوڕێیان ئیقبال سەفەری، ئەحمەد عەزیزی محەممەد ئیسماعیلی و مەلا ڕەحمانی کاژەیی و یوسف خانە بە نوێنەرایەتیی حدک بەشدار بوون.

لە بەشێکی ئەو ڕێوڕەسمەدا هاوڕێ ئەحمەد عەزیزی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و وەکو کەسێک کە لە کاتی شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنەدا بەرپرسی سیاسیی حیزب لە سنە ببوو ، وتارێکی پێشکەش کرد کە سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

# بەڕێوەچوونی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن رۆژنامەنووسان و راگەیەندنکارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە ریوڕەسمێک پێک هات.

بەیانیی رۆژی پێنجشەممە، ٢ ی بانەمەڕ یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی بە بەشداریی دەیان رۆژنامەنووسی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ریوڕەسمەکەدا ساتێک وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی مقداد مدحەت بەدرخان، یەکەم شۆرەسواری بواری رۆژنامەنووسیی کوردی و ڕێزگرتن لە قەڵەمە ئازا و بوێرە شەهیدەکانی کوردستان راگەیەندرا.

پاشان پەیامی ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە لایەن کاک مستەفا مەعرووفی خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا خاتوو کوێستان فتووحی، باسێکی لە ژێر ناوی « رۆڵی رۆژنامەنووسیی شاخ لە رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی دا» پێشکێشی ئامادە بووانی رێوڕەسمە کرد. پاشان رەسووڵ سوڵتانی، شاعیری رۆژنامەنووس بە خوێندنەوەی چەند غەزەلێک بزەی شادی خستە سەر لێوی بەشداران.

بەشێکی دیکەی ئەو ریوڕەسمە بۆ بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێنان بە سەر رۆژنامەنووس و راگەیەندکارە چالاکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەرخان کرابوو.



لەو بەشەدا رۆژنامەنووسە بە رابردوو و راگەیەندکارە سەرکەوتووەکانی حیزب خەڵاتەکانی خۆیان لە دەستی بەڕێزان خالید عەزیزی، کەماڵ کەریمی، فەتاح کاویان و جەلیل گادانییەوە وەرگرت.

# بەشداریی بەرپرسی کومیتەی بەرێوەبەریی حیزب لەدەرەوەی وڵات لە کۆنگرەی حیزبی کاری هولەند

کوردستان: لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمی حیزبی کاری هولەند بەڕێز مستەفا شڵماشی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات وبەرپرسی کومیتەی بە ڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بەشداریی لە کۆنگرەی ساڵانەی ئەو حیزبە دا کرد.



ڕۆژی یەکشەممە ٥ ی بانەمەڕ کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی کاری هولەند (حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی هولەند) لە شاری نەیمەخنی ئەو وڵاتە کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بەڕێوە برد و بەرێز مستەفا شڵماشی، بەرپرسی کومیتەی بە ڕیوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە فەرمی بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کرابرو.

لەو کۆنگرەیەدا بەرنامەی چوار ساڵەی ئەو حیزبە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پارلەمانی هولەند کە لە مانگی ژوئەنی ئەمساڵ دا بەڕێوە دەچێ تاوتوێ کرا. بۆ ئەو کۆنگرەیە نوێنەری دەیان حیزبی خاریجی بەتایبەتی حیزبە سۆسیال دێموکڕاتەکانی وڵاتانی ئوروپایی بەشدار بوون.

شایانی باسە لەو کۆنگرەیەدا نوێنەری دوو حیزبی کوردستانی، واتە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشدار بوون. نوێنەری یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان کاک مەلا بەختیار بوو کە بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێک و نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کاک مستەفا شڵماشی بوو.

پێش ئەوەی گۆنگرە بەڕەسمی کارەکانی خۆی دەست پێ بکا میوانەکان لە لایەن خانمی «مارایە لافەبەر» سکرتێری نێونەتەوەیی ئەو حیزبەوە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو کۆنگرەیەدا لە لایەن نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە گەڵ نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراو دیدار و گفتوگۆ کرا کە گرنگترینیان بریتی بوون لە دیدار لە گەڵ کاک مەلا بەختیار، نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، دیدار لەگەڵ ڕێبەری تازەی حیزبی کاری هولەند، ئاغای یۆب کوهێن کە لە گەڵ بەڕێز مەلا بەختیار نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و هەیئەتی هاوڕێی ڕێک خرابوو، و هەروەها لە گەڵ خانمی لافەبەر، سکرتێری نێو نەتەوەیی حیزبی سوسیال دێموکڕاتی هولەند.

شایانی باسە کە حیزبی کاری هولەند لە دەوڵەت دا بەشدارە، و بەپێی ڕاپرسییە کانیش لە هەڵبژاردنی داهاتوودا حیزبی یەکەم دەبێ و ئاغای کۆهێن دەبێتە سەرۆک وەزیرانی هولەند.

# کۆچی دوایی مام مرادو مام جوامێر دوو پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**محەممەد رۆستەمی، ناسراو بە مام مراد پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە تەمەنی ٧٣ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.**



مام مراد لە ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوییەوە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتبوو، لە راپەڕینە چەکدارییەکەی ساڵی ٤٦-٤٧ دا لە بەرگی پێشمەرگەیەکی ئازا و فیداکاردا لە ریزەکانی شۆڕشدا و لە زۆربەی شەڕەکانی ئەوکات دا بەشداری کردبوو.

مام مراد دوای تێکشکانی راپەڕینی ٤٦-٤٧ گەڕابۆوە سەر ژیانی ئاسایی، بەڵام لە گەڵ سەرهەڵدانە پڕشکۆکەی راپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ دا گەڕابۆوە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و وەک پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین و ئازا درێژەی بە هەڵسووڕان و ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی داوە.

مام مراد ساڵەهای ساڵ لە هێزی گیارەنگ دا بەرپرسیارەتیی جۆراوجۆری پێشمەرگایەتیی وەرگرتوە و دوای پێکهاتنی ناوەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی ٢ ی کوردستان درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی داوە و تا کاتی مردنی وەفادار بە رێبازی حیزبەکەی ماوەتەوە.

تەرمی مام مراد رۆژی چوارشەممە، ١ی بانەمەڕ بە بەشداریی سەدان کەس لە هاوڕێیانی لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە خاک سپێردرا.

دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ ریوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی مام مراد بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سالۆنی بۆنە و رێورەسمەکانی حیزب دا بە ڕێوە چوو.

لەو ریوڕەسمەدا کاک حەسەن خۆشکەلام، بەرپرسی ناوەندی ٢ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتەیەک دا ئاورێکی لە ژیان و خەباتی مام مراد دایەوە و وێڕای بەرزنرخاندنی نیزیک بە ٥٠ ساڵ پێشمەرگایەتیی مام مراد، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵە و کەسوکاری مام مراد کرد.

**مام جوامێر پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد**



جوامێر داوەری، ناسراو بە مام جوامێر ساڵی ١٣٢٨ ی هەتاوی لە گوندی داوداوێی ناوچەی سەردەشت لە دایک ببوو.

لە تەمەنی منداڵی دا بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەی نەیتوانیبوو بچێتە قوتابخانە و لە گەڵ براکانی خەریکی کاری وەڕزێڕی و ئاژەڵداری ببوو.

مام جوامێر لە گەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای داگیرکرانی کودستان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە بەهاری ساڵی ٥٨ ی هەتاوییەوە هاتۆتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و تا دواساتەکانی تەمەنی بێ پسانەوە وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خزمەتی بە گەل و نیشتمانەکەی کردوە.

مام جوامێر لە ماوەی تەمەنی ٣١ ساڵەی پێشمەرگایەتی دا لە زۆربەی ئۆرگانەکانی حیزبی وەک زیندانی ناوەندی، ناوەندی ٢ ی کوردستان و هێزەکانی شەهید موعینی و زمزیران ئەرکی پێشمەرگایەتیی بەڕێوە بردوە و لە زۆر لە شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت دا بەشداریی چالاکانەی بوو.

مام جوامێر لە دواساڵەکانی تەمەنی دا بە هۆی پیری لە ناوەندی ٢ ی کوردستان خانەنشین کرابوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بە تین و گوڕەوە بەشداریی لە زۆربەی بۆنە وریورەسمەکانی حیزبی دا دەکرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی مام جوامێر داوەری و مام مراد رۆستەمییەوە بە گەرمی سەرەخۆشی کە بنەماڵە و کەسوکارییان لە ناوچەی سەردەشت دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین. رووحیان شاد بێ.

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە ئەشکەوتی جاسەنەی سلێمانی

کوردستان: بە مەبەستی بەرزراگرتنی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی ، سەر لە بەیانیی رۆژی پێنجشەممە ٢ی بانەمەڕ، ریوڕەسمێکی تایبەت بە بەشداریی دوکتور بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەشکەوتی جاسەنە بەڕێوەچوو.



لەم رێوڕەسمەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان ، رووناکبیران و کەسایەتییە سیاسی و ئاکادیمییەکان بەشدار بوون ، دوکتور بەرهەم ساڵح وێڕای بەرز نرخاندنی رۆڵی رۆژنامەنووسان لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد دا رایگەیاند کە بزووتنەوەی رۆژنامەگەری، کورد توانی ببێتە دینامۆی سەرخستنی ئەم قۆناغە لە تێکۆشانی سیاسیی کورد دا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاماژە بە رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە دانانی بناغەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا و دواتر شێخ مەحموودی حەفید، جەختی لەسەر پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژنامەنووسان کردەوە.

لەم رێوڕەسمەدا کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەبەری بوو، مستەفا ساڵح کەریم، جێگری سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە وتارێکدا بە ئاماژە بە بیرۆکەی بەرێوە بردنی ئەم رێوڕەسمە لە ئەشکەوتی جاسەنە ، لەو پەیوەندییە دا سپاسی هاوکاری و پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و داوای کرد کە حکوومەتی هەرێم بایەخی زیاتر بە بورای راگەیاندن بدا و هەوڵبدا کێشە و گرفتەکانی رۆژنامەنووسان کەم بکاتەوە.

هەر لەو رێوڕەسمەدا «مەهاباد شێخ لەتیف حەفید» وتاری بنەماڵەی شێخ مەحموود ، پارلمانتار شوان کەریم کابان وتاری لێژنەی پەیوەندییەکان راگەیاندن و شوێنەواری پارلمانی کوردستان، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا وتاری گوندی جاسەنە ، حەمە نووری تۆفیق سەندیکاری رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانی و هەروەها وتاری سەندیکای رۆژنامەنوویانی عێراق خوێندرایەوە.

لەو رێوڕەسمەدا هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوللا حەسەن زادە و قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک و محەممەد کەسرایی مادیح ئەحمەدی بەشدار بوون.

جێی ئاماژەیە کە ئەشکەوتی جاسەنە لە ناوچەی سووورداش لە نێوان سلێمانی و دووکان هەڵ کەوتوە .

لە ساڵی ١٩٢٣ی زاینی کە بریتانییاییەکان هێرشیان کردە سەر شاری سلێمانی و داوایان لە شیخ مەحموود کرد خۆی بە دەستەوە بدا ، شیخ مەحموود لەگەڵ هاوڕێیانی، چاپخانەکەی بردە ئەشکەوتی جاسەنە و یەک مانگ دواتر یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «بانگی حەقی» بڵاو کردەوە کە وەک یەکەم رۆژنامەی شۆڕشی کورد و ئۆرگانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە قەڵەم دەدرێ.

پێویستە بگوترێ کە لە رێکەوتی ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ی زایینی دا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان ، وەکوو یەکەم رۆژنامەی کوردی لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە بەسەر نووسەریی «میقداد مەدحەت بەدەرخان» لە شاری قاهیرەی میسر بڵاو کرایەوە.

# کرێکاری کورد و ئەو مافانەی پێشیان نازانێ!

عەلی بداغی

ڕۆژی ١مانگی مەی وەک ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەرفەتێکە تا بەو بۆنەیە ئاوڕێکی زیاتر لە بارودۆخی کرێکاران بدرێتەوە و خوێندنەوەیەک بۆ ڕەوشی ژیان و بژیویی کرێکاران و خەبات و تێکۆشانیان لە پێناوی مافە سینفی و پیشەییەکانیاندا بکرێ. مەبەستی ئەو نوسینەیە ئەوەیە کە ئەگەر چی کرێکارانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران لە یەکەیەکی سیاسی و جغرافیایی هاوبەش بە ناوی» ئێران» دابە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان ژیان و بژیوی ماڵ و منداڵیان دابین دەکەن و بە گشتیش یاسا و ڕێساکانی کار لەو وڵاتەدا گشتگیر و وەک یەکن، بەڵام بە پێی جیاوازیی جوغرافیای ژیانی کرێکارانی کورد لەگەڵ کرێکارانی ناوچەکانی دیکەی ئێران، جیاوازییەکی یەکجار زۆریش لە شێوەی ژیان و دەسکەوتنی ماف و دەستخستنی بژیوی ژیانی کرێکارانی کورد لە چاو کرێکارە غەیرە کوردەکان لە ئێراندا دەبینرێ.

ئەوەی کە مۆتەکەی بێکاری و لە دەستدانی هەل و دەرفەتەکانی کار لە سایەی قەیرانی بەرێوەبەریی سیاسی و سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا خەوی لە چاوی کرێکارانی ئێران زڕاندوە، ئەوەی کە مووچە و حەقدەستی کرێکاران لە چاو نرخی ئاوسانی ئابووری و هێڵی هەژاریی دیاریکراو یەکجار نزم و کەمەو،ئەوەی کە هەر ئەو مووچە و حەقدەستە کەمەش جاری وایە ٣ مانگ و ٦ مانگیش دوا دەخرێ و، ئەوەی کە کرێکاران ئەمنییەتی شوغلییان نیە و مافە سیاسی و سینفییەکانیان پێشێل دەکرێ و، ئەوەی کە کرێکارانی ئێران توانا و ئازادیی دروستکردنی سەندیکا و ڕێکخراوی سینفیی خۆیان نیە، و ئەوەی کە کرێکاران لە زۆربەی ئیمکاناتی دەوڵەتی وەک پەروەردە و بێهداشت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێبەشن و، ئەوەی کە ژیانێکی شیاوی مرۆڤیان نیە،ئەوە ژانی هاوبەشی هەموو کرێکارانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام کرێکارانی کورد جیا لەوانەش کۆمەڵێک ژان و کێشەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە چینی کرێکاری غەیرە کورد لە ئێراندا نیانە.

یەکەم ئەوەی لە کوردستان نرخی بێکاری یەکجار لە سەرێیە. ئەگەر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نرخی بێکاری ١٥٪ تا ٢٠٪ بێ، ئەوا زۆربەی کارناسانی ئابووریی سەربەخۆ لە سەر ئەو باوەڕەن کە نرخی بێکاری لە کوردستان سەروو٣٠٪ و تەنانەت بۆ گرووپی تەمەنیی ٢٠ تا ٣٠ ساڵ بۆ سەروو ٤٠٪یش هەڵ دەکشێ.

دووهەم ئەوەی کە لە کوردستان پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆرتر کارگا و یەکەی بەرهەمهێنان بەزەرفییەتی ٣ تا٥ کەسی دەبینی تا کارخانە و تەولیدیی گەورەگەورە، هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆری خەڵکی بێکار


(FARS)

و زەحمەتکێشی کوردستان پەنا بۆ کاری وەرزی، کرێکاریی خانووبەرە دروستکردن، کۆڵبەری دەستگیرِی دەبەن.

سێهەم ئەوەی کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جگە لە کوردستان، کەسی کرێکار بە پێی ڕێککەوتنێکی دیاریکراو و لە ژێر چەتری داکۆکیی یاسادا هێزی کاری خۆی بە خاوەن کار دەفرۆشێ و سەرەڕای کەمیی مووچە و حەقدەستی، بەڵام بیمەیە و یاساکانی کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی دەیگرێتەوە. بەڵام لە کوردستان باس کردن لە بیمەی بێکاری، نەبوونی بیمەی دابینبوونی کۆمەڵایەتی و نەبوونی بیمەی بیمەی دابینبونی کۆمەڵایەتی و مافە سینفییەکان هەم نامۆیە و هەم بێ مانا. چونکی کرێکارانی کورد بە هۆی بێکاری لە ڕادەبەدەر ئەوەندەی بیر لە پاراستنی هەلی کارەکەیان دەکەنەوە، ئەوەندە وەدوای پێوشوێنکەوتنی مافە قانوونی و سینفییەکانیان ناکەون.

چوارەم ئەوەی کە نارەزایەتی دەربڕینی کرێکاری کورد بە هۆی کەمبوونی حەقدەستەکەی، وەدرەنگ کەوتنی پێدانی حەقدەستەکەی، بێکاری و تەنانەت دەرکرانی لە سەر کارەکەی زوو بەرچەسپی سیاسی لێ دەدرێ و هەر چەشنە نارەزایەتییەکی لەو سۆنگەیەوە بە توندی سەرکوت دەکرێ، هەر بۆیەش لە کوردستان کرێکاران زیاتر لەوەی بیر لە دروستکردنی هاوپێوەندی و ڕێکخراوی سینفی بۆ کۆکردنەوەی کرێکاران و بردنە سەر ڕێی زانیاریی پیشەیی خۆیان بکەنەوە، خەمی ئەوەیانە کارەکەیان لە کیس نەچێ و نانبڕاو نەبن.

بە گشتیش کرێکارانی کورد دووبەشن: ئەوانەی لە نێوخۆی کوردستانن و ئەوانەی بۆ پەیداکردنی کار روویان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کردوە.

کرێکارانی نێوخۆی کوردستان بە هۆی ئەوەی لە کوردستان کەمترین کارخانەو کارگەی پیشەیی لێیە، زۆربەی هەرە زۆریان ڕوویان لەو کارانە کردوە کە لە ئێراندا بە کاری «کاذب» دەناسرێن.

کرێکاریی بەشی بیناسازی، کرێکاریی وەرزیی وەک دەسکەنە، بژارو ڕنینی میوە لە مووچە و باخ و مەزراکان، ڕستن و چنینی سوونەتی و تەون کردن، کار لە کوورەخانەکان و دەستگیرِی و میوەفرۆشی و کۆڵبەری لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەشێک لەو کارانەن کە کرێکارانی کوردستان پەنایان بۆ دەبەن و تەنانەت لە بەشێکیشیان دا گیانیشیان لە پێناوی دا دادەنێن.

ئەو بەشە لە کرێکارانی کورد لە کوردستان ڕۆژانە حەقدەستەکانیان وەردەگرن و زۆربەی نزیک بە تەواویشیان هیچ بیمەیەکی کارو کۆمەڵایەتییان نیە و لە هەموو ئەو مافانە بێبەشن کە تەنانەت بە پێی یاساکانی کاری ئێران بۆ کەسێکی کرێکار لەبەر چاو گیراوە.

ئەو بەشەش لە کرێکارانی دیکەی کورد کە بۆ پەیدا کردنی کار ڕێگای شارە گەورەکانی دەرەوەی کوردستان دەگرن، بە هۆی ناخۆجیی بوونیان و لە ڕووی ناچارییەوە بە حەقدەستێکی کەمتر لە کرێکارە خۆجێیەکان دەبێ کار بکەن و بۆ ئەوەش کە بتوانن لە دوورەوە بڕەپارەیەک بۆ بنەماڵەکانیان بنێرنەوە، ناچارن جیا لە ماوەی کاری دیاریکراوی ڕۆژانەیان زێدەکارییش بکەن.

## درێژەی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنی کورد لە شاری ئامەد

کۆنفرانسی ژنانی کورد لە شاری ئامەد بە بەشداری ١٥٠ ئەندامی ژن لە هەر چوار پارچەی کوردستان و ئورووپا بەڕێوە چوو.

لەیلا زانا، سیاسەتمەداری کورد و چالاکی بواری مافی ژنان لە کۆنفرانسەکەدا ڕایگەیاند کە کورد نەتەوەیەکی ژێردەستە و ژنی کوردیش ژێردەستی ژێردەستانە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە ماڵپەڕی «پرێسپێکتیڤی کورد» بڵاوی کردۆتەوە، کۆنفرانسی ژنی کورد کە لەلایەن بزووتنەوەی ژنی دیموکراتیک و ئازادەوە ڕێک خراوە، لەپارکی «سومەر»ی شاری ئامەد دەستی پێ کرد.

هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی «گولتان کیشاناک»، پەرلەمانتارانی ئەو پارتە «ئامینە ئاینا»، «سەڤاهیر بایندەر» و «سەباحەت تونجەل» لەو کۆنفرانسەدا بەشدارن.

لەو کۆنفرانسەدا کە بە زمانی کوردی قسە دەکرا و بۆ تورکی وەردەگێڕدرایەوە بە وتاری لەیلا زانا کرایەوە.

سیاسەتمەداری کورد لەیلا زانا لەو وتەیەکدا ڕایگەیاند کە نکۆڵیکردن لە کورد لە پەیمانی لۆزانەوە دەستی پێ کردوە و لەو ڕۆژەشەوە ئەوە لەسەر کوردستان بۆتە بارێکی گران.

لەیلا زانا هەروەها گوتی کە بەردبارانکردنی ژنان و کوشتن لەسەر شەرەف بارێکی سیاسی، ئابووری، کەلتووری و ئایینییە.


هەرچەندە کە چارەسەری ئەو کێشانە زەحمەتە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە دەتوانین بە خەباتێکی ڕێکوپێک و گونجاو کەمیان بکەینەوە و چارەسەریان بکەین. ژنی کورد لەلایەکەوە بۆ نامووسی نەتەوەیی خۆی تێدەکۆشێ و لەلایەکی دیکەوە بۆ ئازادکردنی ڕەگەزی خۆی هەوڵدەدا. بۆیە ژنی کورد ژێردەستی ژێردەستانە.

ئەو چالاکە کوردەی مافی مرۆڤ لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دا ئاماژەی بە گرینگیی یەکگرتوویی نێوان لایەنەکانی کورد کرد و ڕایگەیاند کە کورد لە هەموو شوێنێک بۆ دیموکراسی تێ دەکۆشێ و یەکیەتیی نەتەوەیی و ئاشتی و ئازادیپارێزی و دیموکراسی ئاواتی گەلی کوردە، هەر بۆیە پێویستە کورد ببنە یەک.

شایان باسە کە ئەو کۆنفرانسە دوو ڕۆژ بەردەوام بووە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی «ڕۆژنامەنووسی کوردی» لە کۆیە

ڕۆژی سێشەممە ٣١ی خاکەلێوە ، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ڕۆژی



ڕۆژنامەنووسیی کوردی و یادێک لە حاجی قادری کۆیی ، لە سالۆنی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسییەکان ، ڕۆژنامەنووسان و خوێندکارانی زانکۆ بەشدار بوون ، ژمارەیەک لە کەسایەتییەکان وتار و لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە ١١٢یەمین ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێشکەش کرد.

بڕگەکانی ئەو ڕێوڕەسمە کە سەرەتا بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزرگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای قەڵەم و ڕۆژنامەنووسی دەسای پێکرد ، بەم شێوەیە بوو : وتاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە لایەن «حاکم ئازاد» سکرتێری سەندیکا ، وتاری لیژنەی ڕۆشنبیریی بەشی کوردیی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە لە لایەن دوکتوور «عوسمان دەشتی» ، پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەیەک بە ناو و نیشانی «ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردیی لە گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا» لە لایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر دوکتوور «عادڵ گەرمیانی» ، باسێک لە لایەن سەلاحەددینی موهتەدی لە ژێر ناوی «پەیوەندیی حاجی قادری کۆیە لەگەڵ مۆدێرنیزمی سەردەمی نوێ» ، پێشکەش کردنی وتارێک بە ناوی «کەی کورد بە گۆڤار و ڕۆژنامە ئاشنا بوو» لە لایەن عەبدوڵڵا زەنگەنەوە ، بابەتێک بە ناوی «ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی لە کۆیە« لە لایەن «ڕابەری سەید برایم» و خوێندنەوەی وتارێک لە ژێر ناوی «ڕۆژنامەنووسی شاخ لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا» لە لایەن کوێستان فتوحییەوە و دوایین وتار بە ناوی «ڕۆژنامەنووسیی نوێ» لە لایەن ڕەزا فەتحوڵڵانژادەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دا خەڵات بەسەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە دابەش کرا کە لە چەند ساڵی ڕابردوو دا لە بوارەکەی خۆیاندا چالاک بوون.

جێی ئاماژەیە کە هەیئەتێک لە



حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەندکارانی حیزب لەو ڕێوڕەسمە دا بەشدار بوون و چەند ڕۆژنامەنووسی وەکوو مستەفا مەعروفی ، کوێستان فتوحی ، عەلی بداغی و سوهەیلا قادری خەڵات کران و ڕێزیان لێ گیرا

# ئامرازەکانی دیپلۆماسیی میدیایی (*)

مادح ئەحمەدی

هەر وەک لە خودی چەمکی «دیپلۆماسیی میدیایی»یەوە دیارە، میدیاکان گرنگترین فاکتۆر و ئامرازن لە جموجوولە دیپلۆماتیکەکاندا. بە واتایەکی دیکە لە دیپلۆماسیی فەرمیدا بەرپرسانی هەر وڵاتێک، دیپلۆماتەکان و میدیا دەوڵەتییەکان راشکاوانە لە هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانی وڵاتەکەیان دان، بەڵام لە دیپلۆماسیی میدیایی دا، دەسەڵاتەکان لە رێگای میدیا هاوتەریبەکانەوە بە شێوەی شاراوە لە هەوڵی ئەوە دان کە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا کاریگەری لەسەر خاڵە دیاریکراوەکان بۆ گۆڕینی بیرو بۆچوونی وڵات یا لایەنی مەبەست دابنێن.

توێژەرانی بواری دیپلۆماسیی میدیایی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە چەمکگەلێکی تایبەت وەک: دیپلۆماسیی رۆژنامەیی، دیپلۆماسیی رادیۆیی، دیپلۆماسیی تەلەفزیۆنی، دیپلۆماسیی سەتەلایتی، دیپلۆماسیی سینەمایی، دیپلۆماسیی ئاژانسەکان و دیپلۆماسیی ئینتێرنێتی(١) کەڵک وەردەگرن. بەم پێیە ئامرازە دیارەکانی دیپلۆماسیی میدیایی لە سەردەمی پێوەندییەکاندا بریتییە لە: تەلەفزیۆن، رادیۆ، ئاژانسەکان(هەواڵدەرییەکان)، چاپەمەنییەکان، سینەما و ماڵپەڕە هەواڵییەکانی دیکە.

**تەلەفزیۆن**

تەلەفزیۆن لە دیپلۆماسیی میدیایی دا گرنگترین ئامرازە. لەم پێناوەدا تەلەفزیۆنەکان بە سەر سێ دەستەدا واتە: ئاسایی، هەواڵی و تایبەت دابەش دەکرێن.

**تەلەفزیۆنە ئاساییەکان:** کاناڵگەلێکی نەتەوەیی یان بان نەتەوەیین کە بە شێوەی راشکاوانە خۆیان بە کێشە سیاسییەکانەوە سەرقاڵ دەکەن. ئەم جۆرە تەلەفزیۆنانە تەواوکەری میدیا سیاسییەکانی دیکەن، واتە ئەم تەلەفزیۆنانە بە بێ خۆ سەرقاڵ کردن بە بابەت و بەڵگەی سەرەکی، راو بۆچوونی بەردەنگەکانیان لەمەڕ بابەتەکە دروست دەکەن و ئەو کاتەی کە بەڵگەکان بۆ پشتڕاستکردنەوە دەخرێنە روو، بەردەنگەکانیان بەو ئاکامە دەگەن کە مەبەستی تەلەفزیۆنەکە بووە و ئەوەش ئەنجام دەدەن. بۆ وێنە تەلەفزیۆنە ئاساییەکان فیلم یا دکیۆمێنتگەلێک بڵاو دەکەنەوە کە بابەتی سەرەکییان توندوتیژی گرووپێکی تیرۆریستییە، بەم شێوەیە مێشکی بەردەنگ ئامادە دەکەن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم و کاتێ کە تاک یا گرووپ یا وڵاتێک وەک تیرۆریست ناوی لێ نرا و ناسرا، بەردەنگ بێ ئەوەی سەرنج بدا کە بابەتەکە راست یان ناڕاستە ئەو لایەنە مەحکووم دەکا و دووریی لێ دەکا.

**تەلەفزیۆنە هەواڵییەکان:** ئەم تەلەفزیۆنانە بە زەق کردنەوە و پلاندانان بۆ هێندێ بابەتی جیهانی، دەتوانن رای گشتی بەرەو لای بابەتێکی ناڕاست رابکێشن و بەم شێوەیە بە زەق کردنەوەی لە رادەبەدەری بابەتەکە، کەشێکی نالەبار دژی وڵات یان لایەنی مەبەست ساز بکەن.

تەلەفزیۆنە تایبەتەکان: ئەم تەلەفزیۆنانە لە هەوڵی ئەوە دان کە رای گشتیی وڵاتی مەبەست بەرەو لای خۆیان رابکێشن و بە شێوەیەکی تایبەت کاربۆ ئەم مەبەستە دەکەن. بۆ وێنە ئەمریکا لە رێگای «VOA»یەوە بە تایبەت دیەوێ کار لەسەر رای گشتیی خەڵکی ئێران بکا و بەرەو لای سیاسەتەکانی خۆی رای بکێشێ.

**رادیۆ**

رادیۆ وەک دووەمین ئامرازی کاریگەر لە دیپلۆماسیی میدیاییدا دێتە ئەژمار. رادیۆکان بە سەر دوو دەستەدا واتە: ئاسایی(شەپۆل کورت) و تایبەت(شەپۆل بەرز) دابەش دەکرێن.

**رادیۆ ئاساییەکان:** ئەم رادیۆیانە هەوڵ دەدەن رای گشتیی وڵاتی داڕێژەر و دەسپێک بەمەبەستی ئەنجامدانی جموجوولی نێونەتەوەیی رێکبخەن.

**رادیۆ تایبەتەکان:** ئەم رادیۆیانە کە زیاتر لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا برەویان هەیە، بۆ کاریگەریدانان لەسەر رای گشتیی هاووڵاتیانی وڵاتێک کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بە هەر رادەیەک کە وڵاتێک کەمتر ئاوڕ لە پێداویستییەکانی خەڵکەکەی بداتەوە، کاریگەریی رادیۆ تایبەتەکان(شەپۆل کورتەکان) زیاتر دەبێ و بە پێچەوانەش ئەگەر دەسەڵاتدارانی وڵاتێک ئاوڕ لە پێداویستییەکانی خەڵکی وڵاتەکەیان بدەنەوە، کاریگەریی ئەم رادیۆیانە کەمتر دەبێتەوە.

**ئاژانسەکان**

سێیەمین ئامرازی کاریگەر لە دیپلۆماسیی میدیایی دا ئاژانسەکانن. ئاژانسە بەناوبانگەکانی ئەمڕۆ بریتین لە: رۆیتێر، فرانس پرێس، ئاسۆشیێتێدپرێس، یونایتێدپرێس و.. کە زۆربەی میدیاکانی جیهان بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم ئاژانسە هەواڵییانە کەڵک وەر دەگرن. ئەم ئاژانسانە دەتوانن بە تەواو کردن و زەقکردنەوەو پێداگرتنەوە لەسەر هەندێ هەواڵ پرۆسەیەکی پەلاماردانی هەواڵیی لە ئاستی جیهاندا دژی وڵاتێکی دیاری کراو وەرێ بخەن. وڵاتی دیاریکراویش بۆ ئەوەی تۆمەتی سانسۆر و بۆشایی هەواڵی نەیێتەوە سەر، بێ ئەوەی باسی هیچ سەرچاوەیەک بکا ناچارە کەڵک لە هەواڵی ئەم ئاژانسانە وەربگرێ و ناڕاستەوخۆ لە سیاسەتەکانیدا هاوهەنگاو بێ لەگەڵ ئەم ئاژانسانە. واتە لێرەدا بێ ئەوەی باسی سەرچاوەی هەواڵەکە بکا، هەم خۆی و هەم خەڵکەکەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هەواڵی ئەم ئاژانسانەوە.

**چاپەمەنییەکان**



چوارەمین ئامرازی کاریگەر لە دیپلۆماسیی میدیاییدا چاپەمەنییەکانن. چاپەمەنییەکان بە شێوەی راستەوخۆ لەسەر وڵاتی مەبەست کاریگەری دانانێن. چاپەمەنییەکان لە قۆناغی یەکەمدا وەک گرنگترین ئامراز بۆ رێکخستنی رای گشتیی ئەو وڵاتەی کە دەیهەوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سیاسەتێک یا پرۆژەیەک پێش بخات دێنە ئەژمارە. گرنگی و کاریگەربوونی رۆڵی چاپەمەنییەکان لێرە لەوە دایە کە وڵاتی خاوەن پرۆژە دەتوانێ لەو رێگایەوە رای گشتیی خەڵکی وڵاتەکەی بۆ پشتیوانی کردن لە سیاسەتە دەرەکییەکانی تەیار بکا. قۆناغی دووەمی کاریگەریی چاپەمەنییەکان لە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان ئەوەیە کە لە ئاستی جیهانیدا یان لە ئاستی وڵاتی مەبەستدا خاوەن بڵاوکراوە بێ. بۆ وێنە وڵاتگەلێکی تایبەت وەک ئەمریکا، بریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و.. لە ئاستی جیهاندا کۆمەڵێک چاپەمەنییان هەیە کە راپۆرت و هەواڵەکانی ئەم چاپەمەنییانە کاریگەری لەسەر رای گشتیی بژاردەکان(٢) و بەرپرسانی جیهانی دادەنێن کە رێبەرانی فیکریی کۆمەڵگەی خۆیانن. بۆ وێنە «نیوزویک»(٣) یەکێک لەو چاپەمەنیانەیە.

**ئینتێرنێت(٤)**

پێنجەمین ئامرازی کاریگەر لە دیپلۆماسیی میدیاییدا ئینتێرنێتە. هەر چەند ئینتێرنێت ماوەی دوو دەیەیە سەری هەڵداوە، بەڵام توانیویەتی ببێ بە ئامرازێکی کاریگەر لە دیپلۆماسیی میدیایی و جەنگی سایکۆلۆژیک دا. ئینتێرنێت وەک میدیایەکی فرەچەشن ناسراوە کە سەدان هەزار ماڵپەڕ و وێبلاگی جۆراوجۆری بە زمانی جیاواز تێدایە و هەموو ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە بەکارهێنانی ئینتێرنێت دا هەیە دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. ئەمڕۆ فەزای تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت بە شێوەیەکە کە خەڵکی جیهان زۆرتر لە ماڵپەڕگەلێکی ناسراو وەک:،VOA،BBC،CNN، ئەلجەزیرە و.. کە زیاتر ناسراون کەڵک وەردەگرن. ئەم ماڵپەڕانە لە جەنگی سایکۆلۆژیک دا، هەواڵ و زانیاری بە قازانجی وڵاتی خاوەن پرۆژە و دژی وڵاتی مەبەست بڵاو دەکەنەوەو رای گشتیی جیهان بەرەو لای مەبەستەکەی خۆیان هان دەدەن. دامەزراندنی ماڵپەڕگەلێکی تایبەت بە وڵاتی مەبەست یەکێک لەو کارانەیە کە رێگاخۆشکەرە بۆ دیپلۆماسیی میدیایی. بۆ وێنە: BBC Persian، VOA Persian، info USA Persian، بەشی فارسی ماڵپەڕی رادیۆ ئیسراییل، بەشی فارسیی ماڵپەڕی رادیۆ دۆیچەویلەی ئەڵمانیا و.. ماڵپەڕگەلێکی هەواڵین کە تایبەت کار لەسەر رای گشتیی خەڵکی ئێران دەکەن. ئەم ماڵپەڕانە هەوڵ دەدەن کە پشتیوانیی رای گشتیی ئێران بۆ سیاسەتەکانی وڵاتەکەیان دژی دەوڵەتی ئەو وڵاتە رابکێش و لەم رێگایەوە دەتوانن بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت لە ئێران بەرەو لای بیروبۆچوونی خۆیان راکێشن.

تۆڕەکانی گەڕان وەک : «Yahoo»،«Google»و.. کە بنکەی سەرەکییان لە ئەمریکایە دەتوانن لە دۆزینەوەی بابەتی دیاریکراودا، کۆمەڵێک بابەت بە قازانجی خۆیان و دژی وڵاتی مەبەست بدەن بە دەستەوە یان ئەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێوەندییان بە وڵاتی مەبەستەوە هەیە لە کۆتایی یا پەراوێزی لیستەکانی خۆیاندا دابنێن بۆ ئەوەی کەمتر کەڵکی لێ وەربگیرێ. کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت بۆ بەڕی کردنی نامە و پەیام، دامەزراندنی ماڵپەڕگەلێکی کۆمەڵایەتیی وەک «twitter»، «facebook»و.. کە هەموو کەسێک دەتوانێ لەوان دا لاپەڕی تایبەت بە خۆی بکاتەوە، هاک کردن و فیلتێر کردنی ماڵپەڕگەلێکی دیاریکراو لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم تۆڕە جیهانییەیە کە رۆڵێکی تایبەت لە جەنگی سایکۆلۆژیک دا دەبینێ.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە لە دیپلۆماسیی میدیایی دا سەرجەم میدیاکان رۆڵیان هەیە و لە جەنگی سایکۆلۆژیکیشدا ئەگەر پلانمەند کاری بکرێ، دەتوانرێ بۆ گەیشتن بە مەبەست کەڵکی لێ وەرگیرێ.(٥)

لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی (تەلەفزیۆن، رادیۆ، ئاژانسەکان، چاپەمەنییەکان، سینەما و ماڵپەڕە هەواڵییەکان) بە گواستنەوەی زانیاریی نوێ و را گۆڕینەوە، لە گەشە پێدان و بەرەوپێشبردنی کولتوورو شارستانییەتی مرۆڤ دا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن. بە شێوەیەک کە زۆربەی بیرمەندان، ئەم سەردەمەیان ناو ناوە»سەردەمی پێوەندییەکان». زۆر بوونی رێژەی حەشیمەت، چڕبوونەوەی هێزی کاری گرووپە مرۆییەکان لە شارە گەورەکان دا، هەلومەرجی تایبەتی شارستانییەتی پیشەیی و ئاڵۆزیی دۆخی ژیانی گشتی، بەستراوەیی و هاوپێوەندییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، ناسەقامگیری و قەیرانەکان، ئاڵوگۆڕی سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی بنەما کولتوورییەکان، ماڵاوایی لە نەریتە کۆنەکان و رابوونی ویژدانی کۆمەڵایەتی، لەو هۆکارانەن کە دەیسەلمێنن رۆژ بە رۆژ مرۆڤ چەندە پێویستی بە ئاگاداربوون لە تەواوی رووداوەکانی دەوروبەری هەیە. ئەم پێویستییە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە گەشەسەندنی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پتەوبوونی بنەماکانی دیموکراسی و تێگەیشتنە نێونەتەوەییەکان پێویستیان بە یەکترە و تەواوکەری یەکدین.(٦)

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

---

(*) ئەم بابەتە بەشی دووهەمی کتێبی «کورد و پێویستیی دیپلۆماسی میدیایی»یە، کە لە ماوەی داهاتوودا چاپ دەبێ.

(١)Internet diplomacy

(٢)Elite

(٣)News Week

(٤)Internet

(٥)سبیلان اردستانی، حسن. عملیات روانی و دیپلماسی رسانەای، سایت: http://www.irtvu.com

(٦)معتمد نژاد، دکتر کاظم. وسایل ارتباط جمعی، ج ١، انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی، چ چهارم، سال ١٣٨٣، ص ١

# توێژی مامۆستا و کێشەکانی بەردەم

ن: سۆران نوری کردن بە کوردی: ئاڵەشین

دوازدەی بانەمەڕ لە ئێران بە رۆژی «مامۆستا» ناودێر کراوە، ئەو رۆژەی کە دەبێ تێیدا رێز لەو کەسانە بگیرێ کە تۆری زانست و ماریفەت لە وڵات دا دادەچێنن، بەڵام لە کاتێکدا یادی ئەم رۆژە دەکەینەوە کە بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر پێگەی تایبەتی مامۆستایان، سەرەڕای بێ وڵام مانەوەی داوا و ویستەکانیان، چالاکە سینفیەکانیان بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە سوچی بەندیخانەکان پەستێوتراون ـ لە ماوەی سی ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا مامۆستایان هەمیشە لەگەڵ گیروگرفت و کێشەی جۆراوجۆر دەستەویەخە بوون کە زەبری لە پێگەی کۆمەڵایەتی و رەوشی ژیانیان داوە.

بە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر سی ساڵ فەرمانڕوایی کۆماری ئیسلامی و داوا و ویستە رەواکانی مامۆستایان لەم وڵاتە دا، دەتوانین بە کورتی بەم جۆرە داواکانیان ریز بکەین.

یەکەمین کێشە رەوشی گوزرانە کە مامۆستایان لەگەڵی رووبەروون، بە هۆی هەبوونی کێشە ئابوورییەکان لە ئێران و نەبوونی بەرێوەبەری و پرۆژەی بنەڕەتی، مامۆستایانیش وەک چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە توانای دابین کردنی خۆیان و بنەماڵەکەیان نیەو ناچارن دوای وانە و قوتابخانەکان خەریکی کاری دیکە بن تا لانی کەمی ئیمکاناتی ژیان بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن.

کێشەیەکی دیکەی مامۆستایان کەشی ئامووزشی ئارابیە کە لێوانلێوە لە ترس و تۆقاندن و مامۆستایان بەدەستیەوە دەناڵێنن بە جۆرێک کە لە ماوەی تەمەنی رێژیم دا هەم قوتابیان وهەمیش مامۆستایان هەمیشە خراونەتە ژێر چاوەدێرییەو هەر جۆرە نارەزایەتیی و داوایەکیان مۆرکی سیاسی لێدراوەو بە روانگەیەکی ئەمنییەتی چاو لە داواکانیان کراوە.

مەسەلەیەکی دیکە پێگەی کۆمەڵایەتی مامۆستایانە کە لەو سێ دەیەیەدا بە هۆی جۆراوجۆر دابەزرە.

مامۆستایانی ئێرانی بە هۆی ئەو کێشە و ئارێشانەی دەستەویەخەی بوون لە ساڵی ٧٨ بە دواوە بە کەڵک وەرگرتن لە کەشی پێکهاتوی نێوخۆ بزووتنەوەیەکی داواکاریی بەربەرینیان لە سەرانسەری وڵات رێ خستوە و بەهێنانە بەرباسی داوا و ویستەکانیان قۆناخێکی نوێ لە خەباتیان بڕی. ئەو رەوتە تا هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد تا رادەیەک بە تۆکمەیی درێژەی بە کاری خۆی دا یەکەم لە سەردەمی دەوڵەتی نۆیەمەوە مامۆستایان کەوتونەتە بەر گوشار و سنووردارێتییەکی زۆرەوە و بە جۆرێک کە هەر جۆرە حەرەکەت یان داوایەکی سینفیان لە لایەن دەوڵەتی نژادەوە سیاسی بینراوە و زۆر توند هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، لەم نێوەدا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان گیراون و راپێچی بەندیخانەکان کراون. رەوتێک کە بەداخەوە هێشتاش بەردەوامە، بە جۆرێک کە لەم چەند رۆژەی ئەم دواییانەدا لە هێندێک شاری وەک تاران، کرماشان، هەمەدان و.. هتد ژمارەیەک چالاکی سینفی مامۆستایان دەسبەسەر کراون. بەداخەوە لە سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران رووبەرووی سەرکوت، هەرەشە، زەبروزەنگ، زیندان و ئیعدام بونەتەوەو ئەو حکوومەتە بە هیچ جۆرێک بوونی سەندیکاو دامەزراوە جۆاوجۆرەکانی قبوول نەبووەو هەمیشە لە روانگەی ئەمنییەتی و سیاسییەوە روانیوێتە ئەوانە. بەڵام هەروەک دەبینین لە وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتەکان ئەوە دامەزراوە سینفی و سەندیکاکان لە هەمووان زیندووترو چاودێری کردەوەکانی دەوڵەتەکانن.

مەسەلەیەکی دیکەی شایانی باس، مامۆستایانی کوردستانن کە لەو سی ساڵەدا بچووکترین داواکانیان بە بەندیخانە، ئەشکەنجە، دوور خستنەوەو ئیعدام وڵامی دراوەتەوە. لە ماوەی فەرمانڕەوایی رێژیمی ویلایەتی فەقیهدا سەدان مامۆستا لە کوردستان بە تاوانی بیروبۆچوونی جیاواز لە کار دەرکراون و زیندانیی زۆریان بە سەردا سەپاوە، دوور خراونەتەوەو ژمارەیەکی زۆریشیان شەهید کراون و هێندێکیشیان تەرکە وەتەن کراون. رەوتی سەرکوت لە کوردستان هەروا بەردەوامە دەتوانین ئاماژە بە حوکمی ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر بکەین کە لە لایەن دەزگایی دادوەری رێژیمەوە بە توندی مەحکووم کراوە.

لە کۆتاییدا وەبیر هێنانەوەی ئەو خاڵە بە پێویست دەزانم کە تۆکمەیی و یەکگرتوویی زیاتر و پشتیوانی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە یەکترو بەتایبەت خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران و ژنان دەتوانێ لە ئامانجەکانمان نزیکتر بکاتەوە، هەنووکە لە ئێران دا بزووتنەوەیەکی بەربەرین لە بەرانبەر رێژیم دا راستەوە بووەو دەسەڵاتی سەرکوتکەری بە جۆرێک تووشی کێشە کردوە کە کۆماری ئیسلامی لە هەڵدێرگە نزیک خستۆتەوە.

تەنیا ئاکامی یەکگرتوویی و تۆکمەیی گشت خەڵکی سەرکەوتن بەسەر سەرەڕۆیی دا مسۆگەر دەکاو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەو نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مافە رەواکانی خۆیان دەگەیەنێ.

# ئەنفال، هۆلۆکۆستی نەتەوەی کورد

نووسین: فەیسەڵ ئێراندوست

وەرگێڕانی: حەسەن شێخانی

لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی حیزبی بەعس دا، لە شاروچکەی دوکان، یەکێک لە ناوچە توریستی و جوانەکانی کوردستان، لە ژێر وێنەی سەدام حوسێن دا، بە زمانی عەرەبی نووسرابوو» باکوور، بەهەشتی سەرزەوی».

کێوی سەر سەوز و سەرکەش، رووباری پڕهاژە و پڕئاو، کانیاوی سارد و زوڵاڵ، دەشتی پان و بەرین و داپۆشراو بە گوڵی نێرگز و گوڵەباخ و گەزیزە و چەندین جۆر گوڵی دیکە، دارستانی دار مازوین و دار بەڕوو و باخی میوەی جۆراوجۆر و هەوای پاک و دڵڕفێن، لە کوردستان ئەو وێنەیە وەبیر مرۆڤ دەخەنەوە کە لە بارەی بەهەشت لە قورئان دا هاتووە. ئەو وێنەیە کاتێک لەگەڵ پێناسەکانی بەهەشت زیاتر دەگونجێ کە ڕێبوارێک لە باشووری عێراق، لە شوێنی لە دایکبوونی دیکتاتۆر، لە بیابانە گەرمەکانەوە تێپەڕیبێ و بۆ ئەم وڵاتە هاتبێ؛ بە راستی کوردستان بەهەشتی سەرزەوییە. سەدام حوسێن بڕیاری دابوو کە قەومەکەی خۆی بۆ ئەم سەر زەوییە بێنێ و بەم پێیە کارەساتی تراژدیک و بەدناوی ئەنفال شکڵی گرت و هاتە ئاراوە.

ڕێژیمی بەعس بە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانیی ڕۆژئاوا و یارمەتی ماددیی وڵاتانی عەرەبی، زیاتر لە ٦ ساڵ بوو کە لەگەڵ ئێران شەڕی دەکرد و لە بەرەی کوردستانیش بەردەوام لە ژێر هەڕەشەدا بوو.

حکوومەتی عێراق لەوە دەترسا کە لەگەڵ بچوکترین لاوازیی نیزامی و دروست بوونی بۆشایی دەسەڵات، کۆنترۆڵی کوردستان بە تەواوی لە دەست بدا و ئەم مەسەلەیەش، هەروەک دواتر دیتمان، بوونی ئەو ڕێژیمەی بەتەواوی لە مەترسی داویشت. سەرکردەکانی حیزبی بەعس بە کەڵک وەرگرتن لە سوکنایی و هێور بوونەوەیەک کە لە بەرەکانی شەڕ لەو ساڵانەدا و بە هۆی لاوازیی ئێران پێکهاتبوو، پلانی جینایەتکارانەی خۆیان بە ناوی ئەنفال کە دەبوو لە هەشت قوناغ دا بە کۆتایی بگا، خستە بواری جێبەجێ کردنەوە. بە پێی ئەم پرۆژەیە کە ناوی خۆی لە سوورەی هەشتەمی قورئان وەرگرتبوو، دەبوو لە ماوەی هەشت قۆناغ هەڵمەتی وێرانکەر و لەناوبەردا، دانیشتوانی بەشێکی بەربڵاو لە کوردستان لە شوێنی باب و باپیرانی خۆیان هەڵکەندرێن و بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق راگوێزرێن و وردەوردە لە ناو ببرێن، هەڵبەت ئەگەر هەژمارێک لەوان ویستیان بۆ وڵاتانی دراوسی هەڵێن، کۆسپێکی ئەوتۆیان لە بەردەم دا دروست نەکرێ. سەدام حوسێن دەیویست سیاسەتی «سەرزەویی سووتاو» لە هەمبەر خەباتگێڕانی کوردستان بە تەواوی بخاتە بورای جێبەجێ کردنەوە. دیکتاتۆری عێراق و داروەدستەکەی بۆ بەدەست هێنانی بەهەشتی کوردستان، دەبوو لە پێشدا کوردستان بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی بکەنە جەهەننەم.

تەعریب یان بە عەرەب کردنی کوردستان سیاسەتێکی نوێ نەبوو کە حیزبی بەعس پێڕەوی کردبێ، بەڵکوو ئەم سیاسەتە لە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتی دەستکردی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، گیراوەتەبەر. بەپێی ڕێککەوتنامەی سیڤەر کە لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهان یەکەم دا بەسترا، لە سەر زەوییە لەدەست چووەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دا وڵاتێکی تازەی وەکوو عێراق، سوریە و تورکیە پێک هاتن. بە کوردەکانیش بەڵێنی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی موسڵ دا، کە پارێگاکانی دهۆک، موسڵ، کەرکوک و سلیمانی هەنووکەیی دەگرتەوە، درابوو. بەڵام کۆلۆنیالیزمی بریتانیا کە سەرپەرشتی عێراقی لە ئەستۆ بوو دوای دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوک، بەڵێنەکانی خۆی فەرامۆش کرد و لە پەیمانی لۆزان کە لە ساڵی ١٩٢٣ دا بەسترا، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردەکانی بەتەواوی لەبیر کرد و ئەم بەشە لە کوردستانی بە وڵاتی تازە دامەزراوی عێراقەوە لکاند. کۆلۆنیالیزمی بریتانیا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتدارەتی ڕێژیمی عێراق بە سەر کوردستاندا، زۆر جار هێرشی دەکردە سەر خەڵکی کوردستان و بۆ یەکەمین جاریش یەکێک لە شارەکانی کوردستان (سلێمانی) لە لایەن فڕۆکەکانی هێزی هەوایی بریتانیایەوە بۆردومان کرا. کۆلۆنیالیزمی بریتانیا بە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، ئێش و ئازاری سەرتاسەری سەدەی بیستەمی بۆ کوردەکان بە دیاری هێنا. سەرکردەکانی حیزبی بەعس کە لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی دا بە کودەتایەک دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، زۆر زوو و بە تەوژمێکی زۆرتر، سیاسەتی بە عەرەب کردنی حکوومەتەکانی پێشووی عێراقیان گرتە بەر و بە ئامانجی پاکتاو کردنی کوردەکانی شاری کەرکوک، هەنگاوەکانی خۆیان بۆدەرکردن و ڕاگواستنی کوردەکان و هێنانی عەرەب بۆ جێگەی ئەوان دەست پێکرد. هەر کوردێک کە لە کەرکوک لە دایک ببوو مافی کڕینی خانوو، چاکردنەوە، و ڕادەستکردنی بە خزمەکانی خۆی نەبوو. لە ماوەی سی ساڵ سیاسەتی ڕەگەز پەرەستانەی حکوومەتی عێراقدا، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس لە کوردەکانی دانیشتووی پارێزگای کەرکوک، نەینەوا، سەلاحەدین و دیالە لە سەر زەوی باب و باپیرانی خۆیان دەرکران، بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزران یان بۆ دەرەوەی سنوورەکان پاڵپێوەنران و خانوو و زەوی و مڵک و ماڵیان کەوتە دەست عەرەبە هاوردەکانەوە. لەم ماوەیەدا کوردە فەیلییەکان کە زۆربەیان دانیشتووی بەغدا بوون و بەشێک لە بازاڕی تیجاری و خزمەتگوزاری ئەم شارەیان هەڵدەسووڕاند، بە تۆمەتی ئێرانی بوون دەدرێنە بەرپەلامار و هێرشی وەحشییانە و لە دوای کوشتنی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە گەنجە فەیلییەکان و دەست بەسەرداگرتنی هەموو مڵک و ماڵیان، زیاتر لە ٩٠ لەسەدیان بۆ ئێران یان شارەکانی کوردستان دوورەدەخرێنەوە. لە ساڵی شەشەمی شەڕ لەگەڵ ئێران دا، ڕێژیمی عێراق بە کەڵک وەرگرتنی بەربڵاو لە چەکی کیمیاوی و بۆردومانی هەوایی و زەمینی، دەستی بە پراکتیزە کردنی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پرۆژەی ئەنفال کرد و سەرەتا ناوچەکانی ژێر کونترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی دایە بەر پەلاماری چەکە کیمیاوییەکان و زەرەرو زیانێکی یەکجار زۆری لە دانیشتوانی ناوچە ئازاد کراوەکان لەوانە: دۆڵی جافایەتی، بالیسان و سویسێنان دا. زۆربەی شەهیدەکان منداڵ و ژن بوون. لە درێژەی پاکتاوی خەڵکی کورد لە پارێزگای کەرکوک دا، سوپای عێراق لەیەک زنجیرە پەلاماردانی لە ناوبەردا، زیاتر لە ١٢٠٠ گوندیان لە ناوچەکانی قەرەداغ و ناوچەکانی دەورووبەری دیالە و سەلاحەدین، بەتەواوی لە هەبوونی خەڵک پاکتاو و، تەواوی گوندەکان و شوێنەواری شارستانی و مرۆییان لەو ناوچەیە لە ناو برد و لەگەڵ خاک تەختیان کرد.

سوپای عێراق کە بێجگە لە سەربازانی ئەرکدار، ژمارەیەکی زۆری لە عەشیرە عەرەبەکان و ژمارەیەکیش لە جاشە کوردەکانی لە بەر دەست دابوو، سەرەتا گوندەکانی لەئاسمان و زەوییەوە دەدایە بەر پەلامار و تەواوی دانیشتوانیان دەستبەسەر و بۆ نێو زیلە عەسکەرییەکان ڕاپێچ دەکرد. دواتر تەواوی ماڵ و مەڕوماڵاتی گوندەکانیان، بە پێی پرەنسیپەکانی دابەشکردنی دەسکەوتی شەڕ لە سوورەی ئەنفال دا، لە نێو خۆیان دا دابەش دەکرد و پاشان گوندەکانیشیان ئاگر دەدا. ئەوان فەرمانیان پێ درا بوو کە شوێنەوارێک لە ژیان لە ناوچە پاکتاو کراوەکان بە جێ نەهێڵن و بە کەڵک وەرگرتن لە دینامێت، کانیاوەکانیشیان دەتەقاندەوە تا خەباتگێڕانی کورد نەتوانن لەم ناوچانە کەڵک وەربگرن. بە درێژایی مێژوو ئەوە دووەمین جار بوو کە عەرەبەکان بەم شێوە بەربڵاوە و بە ئامانجی لە ناو بردنی تەواوەتی، بۆ کوردستان هێرشیان دەکرد. جاری یەکەم ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر و بۆ پەرەپێدانی دینی ئیسلام و، ئەمجارەش بۆ لە ناو بردنی نەتەوەی کورد، بە لاسایی کردنەوە لەو هێرشە و لەژێر فەرمانی کابرایەکی نەخۆش کە ناز ناوی سەرداری قادسیە (بە نێو بانگترین سەرداری جنگی سوپای عەرەب لەگەڵ ئێران) ی بە خۆی دابوو، پەلاماری کوردستانیان دا.

سوپای سەدام حوسێن دەستگیر کراوەکانیان رادەستی ڕێکخراوە ئەمنییەتییەکان و لێپرسراوانی حیزبی بەعس دەکرد کە لێرە دا زۆرتر ڕۆڵی لێپرسراوانی ئێس ئێس و گەشتاپویان دەگێڕا. ئەوان گیراوانی شەڕیان بۆ ناوەند گەلێک کە پێشتر بۆ ئەم کارە ئامادە کرابوون دەبرد و ژن و پیاویان لێک جیا دەکردەوە و لە هۆدەگەلی بچووک کە هیچ چەشنە پێداویستییەکی ژیانیان تێدا نەبوو، جێگەیان پێدەدان، گەشتاپوی سەدام حوسێن کچ و کوڕی ٦ مانگە تا ١٨ ساڵەیان لەوانی دیکە جیا دەکردەوە و لە شوێنێکی دیکە ڕایان دەگرتن. هاوکات ڕێژیمی جینایەتکاری بەعس بە هێنانە ئارای پرۆژەی ئەنفال کە بە شێوەیەکی سیستماتیک، لە ناوبردنی خەڵک و پاکتاوکردنی ناوچەیەکی بەربڵاوی لە کوردستان لە ئەجێندای خۆی هاویشتبوو، بۆ گەیشتن بە ئامانجی دژە مرۆیی خۆی، لە هەرشوێنێک کە دەیتوانی بۆ خەڵکی کورد هێرشی دەکرد و لە هیچ جینایەتێکیش نەدەپرینگایەوە. بێجگە لە هێرشە کیمیاوییەکان بۆ سەر هەڵەبجەو ناوچە جۆراو جۆرەکانی کوردستان کە بوو بە هۆی کوشتنی زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوان و بێ چەک، کە زۆربەیان ژن و منداڵ و کەسانی پیرو پەککەوتە بوون، لە هێرشێکی دڕندانەدا بۆ ئوردووگای شوێنی ژیانی بارزانییەکان لە نزیک شاری هەولێر کەلە دوای بەستنی پەیماننامەی ئەلجەزایر لە نێوان شا و سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٤دا، بۆ عێراق گەڕابوونەوە، تەواوی پیاوانی سەرووی ١٣ ساڵی ئەو عەشیرەیە کە زیاتر لە ٨ هەزار کەس بوون دەستبەسەرکران و بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق ڕاگوێزران و بە شێوازی نازییەکان، بە چەشنێکی زۆر دڵتەزێن کوژران و تەرمەکانیان لەگۆری بە کۆمەڵ دا شاردرانەوە. ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی دانیشتووی ئەو ئوردووگایە کە لەنێویاندا ژمارەیەکی زۆریش تازە بووک دەبینران، تا ئێستاش چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێرد، برا، کوڕ یان یەکێک لە خزمە نزیکەکانی خۆیانن. ژمارەیەکی کەم لەو کەسانەی کە لە ئوردووگاکانی مەرگی تۆپزاواو نوگرە سەلمان ڕزگاریان بووە، چیرۆکی دڵتەزێنی چۆنیەتی ڕەفتاری لێپرسراوانی دڕندەی سەدام و ژیانی دوایین قوربانییەکانی ئەو ڕێژیمە دەگێڕنەوە کە بیستنی، ڕۆحی هەر مرۆڤێکی بەویژدان و ئازادیخواز ئازار دەداو بۆ ماوەیەکی زۆریش خەو لە چاوەکانی دەپەڕێنێ. باسی مەرگی وردە وردەی کۆرپە ساواکان و ژنانی برسی و بێ هێزی زیندانی نوگرەسەلمان و هێرشی سەگە برسییەکان بۆ قوربانییەکان، لە حاڵێکدا هێشتا هەر ناڵەیان دەهات و نەمردبوون، چیرۆکی فرۆشتنی کچەکانی کورد بە کلوپەکانی شەوانەی میسر و پێشکەش کردنیان بەو سودانی و یەمەنیانەی کە لە سوپای جینایەتکاری عێراق دا دڵخوازانە خزمەتیان دەکرد، سەلمێنەری ئەوەن کە چارەنووسی کچەکانی تۆپزاواو نوگرەسەلمان لەگەڵ کچەکانی «ئاشویتس» و «داخاو» هاوبەش و وەک یەکە. بە پێی قسەی هێندێک لە شایەتحاڵەکان ژمارەیەکی زۆر لە کچەکانی تۆپزاواو و نوگرەسەلمان، بۆ ئەوەی لە دەستدرێژی و بێ ڕێزی گەشتاپوکانی سەدام حوسێن ڕزگاریان بێ، قژەکانیان دەبڕیەوە و دەم و چاوی خۆیان بریندار دەکرد و خاک و خۆڵیان لە دەم و چاوی خۆیان هەڵدەسوی تا جوانییەکەیان نەمێنێ و سەرنجی سەربازەکانی سەرداری قادسیە بۆلای خۆیان ڕانەکێشن.

تا ساڵی ١٩٩١ کە بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان لە ڕاپەرینێکی گەورەو پڕ شکۆدا، لە کۆنترۆڵی سوپای عێراق رزگاری بوو، ڕێژیمی بەعس هەروا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەنفال لە هەوڵ دا بوو و لەو کاتە بە دواوە تەنیا لە ناوچەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم، بەم جینایەتانەی درێژە دەدا. بە دەگمەن لێپرسراو یان سەربازێکی عێراقی لە کوردستان دەبینرێ کە دژی دانیشتوانەکەی، جینایەتی نەکردبێ یان ناچار بە کردەوەیەکی جینایەتکارانە نەکرابێ. لە دوای ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ داو پاش چەک داماڵین یان تەسلیم بوونی سوپای سەدام لە کوردستاندا، زیاتر لە ٦٥ هەزار کەس لە پێرسۆنێلی سوپای سەدام تەسلیم بوون و بچووکترین دەستدرێژی بەوان و بنەماڵەکانیان نەکرا. تا کاتێک کە ئەوان بۆ ئێران یان بۆ نێو بنەماڵەکانی خۆیان، بە دوور لەچاوی پیاوانی سەدام و بە یارمەتی خەڵکی کوردستان گەڕانەوە، لە شەقامەکانی شارەکانی کوردستان خەریکی گەڕان و سەیران بوون و شەوانەش بۆ ئەو مزگەوت و شوێنانەی بۆیان لەبەرچاو گیرابوو دەگەڕانەوە و خەڵکی نزیک لەو شوێنانە، خۆراک و خواردەمەنییان بۆ دابین دەکردن.

بە پێی ئاماری پشت ڕاست کراو، لەماوەی هەڵمەتەکانی ٧مانگەی ئەنفال لە فێوریە تا سێپتامبری ١٩٨٨، کە تەنیا لە پارێزگاکانی کەرکوک، دیالە، نەینەواو سەلاحەدین بەڕێوە چوو زیاتر لە ٣هەزار گوند خاپوور و زیاتر لە ١٨٢هەزار کەس لە خەڵکی بێ یفاع لەلایەن سوپا و لێپرسراوانی ئەمنی و ئیستیخاراتی عێراقەوە بێ سەرو شوێن و لە ناوبران. هەر لەم پێناوەدا شارەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، سەیدسادق، پێنجوێن، قەڵادزێ، سەنگەسەر، چوارتا، قەڵاچوالان و ماوەت بە تەواوی وێران کران و هیچ دانیشتوویەکیان تێدا نەماو، زۆر شاری دیکەش لە لیستی ڕێژیم دابوون تا ئەو بەڵایەیان بە سەر بێنێ. پاش ڕووخانی ڕێژیم لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەزاران گۆڕی بە کۆمەڵ لە بیابانەکانی باشوور دۆزرانەوە کە لەبەر هۆکاری ئەمنییەتی، حکوومەتی کوردستان تەنیا توانیویەتی شوێنەواری بەجێ ماوی ٥٠٠ قوربانی ئەنفالی بارزانییەکان و ١٠٦ منداڵ و دوو ژن لە کۆی قوربانییەکانی جینایەتی ڕێژیمی عێراق، ئەویش بە شێوەیەکی سەمبۆلیک، بۆ کوردستان بگەڕێنێتەوە. لەبەرئەوەی تا هەنووکەش لە بەغدا و لەنێو سیاسەتمەدارانی عێراقدا کەسانێک دەبینرێن کە لە هەڵوێستە جۆراو جۆرەکانیان دا سەلماندوویانە کە ڕێبوارو میراتگری حیزبی فاشیستی بەعسن و لەهەمان دەلاقەی پێشینیەکانیان لە ڕێژیمی پێشوودا چاو لە دۆزی کورد دەکەن.

ئەنفال لە عێراقدا و لە دژی خەڵکی کوردستان، کۆپی هۆلۆکۆست (پلانی وەچە کوژی و چاکسازیی ڕەگەزی حیزبی نازی ئاڵمان لە دژی جولەکەکان)ە، کە پاش ٦٠ ساڵ لە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، جارێکی دیکە و لە گۆشەیەکی دیکەی ئەم گۆی زەوییەو لە پێش چاوی خەڵکی دنیاو سەتەلایەتە سیخورییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا، لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە لە دژی خەڵکی کوردستان جێبەجێ کرا. ئەم جینایەتە کاتێک ڕووی دا کە زۆرێک لە پێشرەوانی کۆمەڵگەی جیهانی پێیان وابوو کە جیهان وەکوو گوندێکی چکۆلەی لێهاتووەو هەموو وڵاتان لە ئاست ڕووداوە گرینگەکانی جیهان دا بەرپرسیارن و دەبێ مرۆڤایەتی لە کوێ کەرەسەو پێداویستییەکانی گۆی زەوی، بە شێوەیەکی وەک یەک بەهرەمەند بێ. لەم هەل و مەرجەداو لە حاڵێکدا دانیشتوانی شارو گوندەکانی کوردستان لە پێناو خەبات بۆ دیموکراسی و مافە سەرەتاییەکانی مرۆیی خۆیان، بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ دەکوژران کە زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوایی، بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندیی سەدام حوسێن بۆ کڕینی فڕۆکەکانی ئاواکس و ڕێئاکتۆرە ئەتۆمییەکانی دروست کراوی وڵاتانی خۆیان، لەگەڵ یەکتر کێبەرکییان دەکرد و بە هێنانە ئارای چەمکی دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان دا، دەستی سەدام و دارو دەستەکەیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، لە جێبەجێ کردنی سیاسەتە جینایەتکارەکانیان لە دژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی دانیشتووی وڵاتی عێراق، ئاوەڵا هێشتبۆوە. وڵاتانی عەرەب و موسڵمانیش لەگەڵ ڕووناکبیرەکانیان، لە هەمبەر هۆلۆکۆستی کوردەکان تا هەنووکە بێ دەنگییان هەڵبژاردووە.

جینایەتەکانی ڕێژیمی عێراق و بە تایبەت پلانی زنجیرە پەلامارەکانی ئەنفال، زیانێکی قەرەبوو نەکراو لە بنیاتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی خەڵکی کوردستان دەدا. ئەو کارەساتە پاش ٢٢ ساڵ، لەسەر ژیانی پاشماوەکان و هەموو خەڵکی کوردستان شوێنەواری خراپی دەروونی ماوەو بۆ ماوەیەکی درێژتریش هەر دەمێنێ. سەرەڕای پێویستی بە دواداچوونی پرۆژەو پلانەکانی هەنووکەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو گەیاندنی خزمەتگوزاریی هەمە لایەنە بە خەڵکی ئازار چێشتوو لەم پیلانەی ڕێژیمی پێشوو و سەرنجی هەرچی زووتر و زۆرتر بە ناوچە زیان دیتووەکان، بۆ بەرگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم جینایەتانە، چ لە کوردستان و چ لە هەر شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایە، بە فەرمی ناسینی ئەنفال لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوییەکان و ڕای گشتیی جیهانەوە وەک جینۆسایدی نەتەوەی کورد، بە کارێکی پێویست و هەنووکەیی دەژمێردرێ. چاودێری جیهانی لەسەر ڕەفتارو کردەوەی دەوڵەتەکان، گەرەنتییەکی ژیانییە بۆ پێشگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم جینایەتانە.



# رۆژنامەنووسیی شاخ لە رەوتی رۆژنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا

کوێستان فتووحی

ئەم وتارە کە لێرەدا دەخرێتە بەر سەرنجی خوێنەران، لە دوو ڕێوڕەسم دا کە بە بۆنەی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە، لە شاری کۆیە و لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێوە چوون پێشکەش کراوە:

**مەبەست لە رۆژنامەنووسیی شاخ**

چەمکی «رۆژنامەنووسیی شاخ» لەمێژ نیە پەیدا بووە. ئەگەرچی نازانم ئەم چەمکە یەکەم جار، کەی و لەلایەن چ کەسێکەوە و لە کوێ دا بەکار هێنراوە، بەڵام وا تێدەگەم کە لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە، وەکوو چەمکێک بەکار هێنراوە. دیارە پێشتر، بە تایبەتی لە دەیەی ٨٠ی زایینی دا، زاراوە و دەستەواژەی وەک «چاپەمەنیی شاخ» یا بڵاوکراوەکانی شاخ بەکار دەهێنران. ئەم جۆرە ناوانەش لە بەرامبەر «رۆژنامەکانی شار» دا سەریان هەڵدا. بەر لەم جۆرە ناو و زاراوانەش، کۆمەڵێک ناو و زاراوەی دیکە، هاتبوونە نێو ئەدەبیاتی کوردی کە پاشگری شۆرشیان لەگەڵدا بوو. بۆ نموونە «نەخۆشخانەی شۆرش»، «قوتابخانەی شۆرش» یان «مامۆستای شۆرش». دیارە ئەم ناوانە لە بەرامبەر دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتی و حکوومەتی دا، پەیدا بوون. شاخ، سەمبولی خەبات بوو، هەرێمی دەسەڵاتدارەتیی شۆرشی کورد بوو. شار، شاری داگیرکراو، ئەو شوێنە بوو کە بە پێی رێوشوێن و فەرمانی حکوومەتی دژە کوردەوە بەڕێوە دەچوو. لە شاخ، یاخیبوون لە ستەم و دیکتاتۆری هەبوو، شۆرش و پێشمەرگە هەبوو، ئازادی و سەربەستی هەبوو. لە شار زەبر و زەنگی دیکتاتۆری، سەرکوت و سانسۆر هەبوو. ئەم کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوانەی لە شاخ دەردەچوون، مینبەری شۆرشگێڕان و ئازادیخوازان بوون. هەڵوێست و بیروڕای سیاسیی پارتە کوردەکان و خۆزگە و ئاواتەکانی خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی کوردستانیان بڵاو دەکردەوە. بەڵام چاپەمەنیی شار، مەگەر لە توێی رەمز و ئیشارەدا، ئەگینا نەیاندەتوانی قسەی دڵی خەڵک بکەن و لە ئازادی بێبەش بوون. دیارە کەرەستە و ئامراز و ئیمکاناتێکیش کە رۆژنامەی شار و شاخیان پێ چاپ دەکرا، جیاواز بوون. هی شار، پێشکەوتوو و گەورە بوون. هی شاخ سادە و ساکارو بچووک بوون.

**رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان**

زۆرجار کاری رۆژنامەنووسی لە دوورەوڵاتی ( تاراوگە) و لە شاخ، وەکوو یەک سەیریان دەکرێ. کە جێی خۆیەتی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە رۆژنامەیە دابنرێ. ئەگەر لەم روانگەیەوە بۆ مەسەلەکە بچین، رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە سێ قۆناغ دا تێپەڕ دەبێ.

**قۆناغی یەکەم: پێش سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٧٩ی ئێران**

لە رووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران سێ جۆر رۆژنامەنووسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە:

**ئەلف:** رۆژنامەنووسیی کوردیی رێگە پێدراو لە لایەن رێژیمی شایەتییەوە، کە دوو هەولأ دەگرێتەوە:

**یەکەم،** حەوتوونامەی «خۆرنشین»، کە لە ساڵانی ١٩٥١ و ١٩٥٢دا لە تاران ١٥ ژمارەی لابلاو بۆتەوە و، بە زمانی کوردی و فارسی دەرچووە.

**دووهەم:** رۆژنامەی «کوردستان» کە عەبدولحەمید بەدیع زەمانی بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ەوە هەتا١٩٦٤ لە تاران دەردەچوو و لە دەرەوەی ئێران بڵاودەکرایەوە.

**ب**: ر ۆ ژ نا مە نو و سیی کوردی بە نهێنی، کە بریتییە لە چەند هەوڵێکی رێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ئێران (وەک نموونە چاپی رۆژنامەی کوردستان بە نهێنی لە شاری تەورێز لە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ).

ج: ر ۆ ژ نا مە نو و سیی کوردی لە تاراوگە ـ کە دەرچوونی رۆژنامەی « کو ر د ستا ن » ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ، لە ئوروپا و لە بەغدا لە سێ دەورەوی جیاوازدا، دەگرێتەوە.

هەر لەم خانەیەدا، هێندێک هەوڵ دەبینرێن کە دەکرێ بە رۆژنامەنووسیی کوردی لە شاخ ناودێریان بکەین: بۆ نموونە بڵاوکراوەی «رێگا» کە ساڵی ١٩٤٨ بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان دا لە لایەن مامۆستا حەسەنی قزلْجی و غەنی بلووریان، یەک ژمارەی لا بلاو بۆتەوە.

یان بڵاوکراوەی «تیشک» کە کومیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ دا چەند ژمارەیەکی لابلاو کردۆتەوە.

ئەمانە بۆیە دەکرێ لە خانەی رۆژنامەنووسیی شاخ دا دایان بنێین چونکە لە کوردستان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆرش و بەبێ ئیزن و ئاگاداریی هیچ حکوومەتێک، دەردەچوون.

**قۆناغی دووهەم:** لە دوای کشانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چیاکان هەتا نیشتەجێ بوونیان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان دا (لە ١٩٨٠ هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠):

ئەم قۆناغە لە راستیدا دیارترین و گرنگترین قۆناغ لە مێژووی رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

**هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە:**

١ـ رادیۆ، وەک راگەیەنێکی خێرا کە دەتوانێ سەر بە هەرماڵێک دا بکا، دێتە نێو رۆژنامەنووسیی شاخەوە. بە تایبەتی دوو رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران(سەر بە حیزبی دیموکرات) و رادیۆی دەنگی شۆرشی ئێران(سەر بە کۆمەڵە)، دەورێکی گرنگیان دەگێڕا.

٢ـ بڵاوکراوە کوردییەکان لە چیا و لە ناوچەی شاخاوی و بە کەرەستە و ئیمکاناتی سەرەتایی چاپ و بڵاو دەبوونەوە.

٣ـ زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان، سەر بە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان بوون. تەنیا نموونەیەکی ناحیزبی کە هەبووە و دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین بڵاوبوونەوەی ٣ ژمارەی گۆڤاری «نووسەری چیا» لە لایەن موحسین شاسوارییەوە لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥دا بووە.

٤ـ ئەو چاپەمەنییانەی بڵاو بوونەتەوە، لە رووی فۆرم و نێوەرۆکەوە، زۆربەیان گۆڤار بوون. تەنانەت «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە ناوی رۆژنامەی لەسەر بووە. بە شێوەی مانگانە دەرچووە و بە هۆی هەلومەرجی نالەباری شاخ، لە قەوارەیەکی بچووک دا دەرچووە.

٥ ـ بڵاوکراوەکان بەم هۆیەوە کە سەر بە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوون، بە نهێنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بوونەتەوە و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکان دیتوویانن.

٦ـ لە باری نێوەرۆکەوە، زۆرتر بایەخیان داوە بە وتاری سیاسی و بەیاننامەی حیزبی و چالاکیی پێشمەرگە و تێکۆشانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات.

٧ـ جۆراوجۆری لە نێو بڵاوکراوەکان دا بەدی دەکرێ:

**ئەلف:** لە باری سیاسییەوە، سەر بە حیزب و رێکخراوی جۆراوجۆرن: حیزبی دیموکرات، حیزبی کومونیست (کۆمەڵە)، رێکخراوی خەبات، بۆ ماوەیەکی کورتیش کۆمەڵەی یەکسانی، هەرکامیان چاپەمەنیی جۆراوجۆری تایبەت بە خۆیان هەبووە.

**ب:** هەر کام لەو حیزبانە هەوڵیان داوە جگە لە بڵاوکراوەی ئۆرگان کە سیاسی بووە گۆڤاری جۆراوجۆری دیکەیان هەبێ. وەک گۆڤاری فەرهەنگی و هونەری، ئیدئۆلۆژیک، نێوخۆیی.

لەم نێوەدا حیزبی دیموکرات زۆرترین پشکی بەردەکەوێ. چونکە جگە لەوەی زۆر لە رێکخراوەکانی شارستانی ئەم حیزبە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئۆرگان و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە و لە شاخ بڵاویان کردۆتەوە، هەواڵنامە، گۆڤاری تایبەت بە لاوان، تایبەت بە پێشمەرگە، تایبەت بە رۆشنبیریی گشتییان هەبووە.

٨ـ بڵاوکردنەوەی نووسین بە ناوی نووسەرانەوە لە چاپەمەنیی حیزبیدا، بە تایبەتی لە بڵاوکراوەی ئۆرگان دا لە سەرەتاوە بە کەمی دەبینرێ. دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆڤارە ئەدەبی و گشتییەکان دا، ناوی نووسەران (جا ناوی راستەقینە یا ناوی خوازراو) بەدی دەکرێ. لە ساڵانی کۆتایی ئەم قۆناغەدا، لە ئۆرگانی حیزبی کومونیست و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ دا، ناوی نووسەران بەرچاو دەکەوێ.

٩ـ ژنان، لە نووسین و بەڕێوەبردنی رۆژنامەنووسیی شاخ لەم قۆناغەدا کەمترین رۆڵیان هەیە. ئەگەر دەورێکیشیان بووبێ، کاری تایپ لە چاپەمەنیی حیزبەکان و بێژەری لە رادیۆکانی شاخ بووە. بەڵام وەک نووسەر و بەڕێوەبەر کەسێکی دیار بەدی ناکرێەم.

**قۆناغی سێهەم: لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٩٠ەوە تا ئێستا:**

لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٩٠ەوە، حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە شاخاوییە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق، دێنە نێو قووڵایی خاکی باشووری کوردستان. چەند گۆڕانێک بەسەر رۆژنامەنووسیی ئەو حیزبانەدا دێ:

١ـ لە چیاکانی سەرسنوور دادەگەڕێن و لە نزیک شارەکان دەگیرسێنەوە،

٢ـ واز لە دەرکردنی رۆژنامە بە تایپ و تەکسیر دێنن، دەبنە خاوەنی کامپیوتێر و زیاتر لە چاپخانەکانی کوردستانی عێراق، رۆژنامەکانیان چاپ دەکەن،

٣ـ فۆرمی رۆژنامەکانیان دەگۆڕن، گەورەیان دەکەنەوە و کەڵک لە وێنە و هێندێک جار رەنگی جۆراوجۆر وەردەگرن،

٤ـ لە دوای ساڵی ٢٠٠٠، بەرە بەرە دەستیان بە ئینترنێت رادەگا و ئەمەش لە دوو بوارەوە کاریگەریی دەبێ لەسەریان، هەم ئاسانتر لە پێشوو زانیاری بەدەست دێنن، هەم لە رێگای ئیمەیلەوە و بە هۆی ماڵپەڕەکانیانەوە، خێراتر بڵاوکراوەکانیان دەگەیەننە دەست خوێنەرانیان،




٥ـ لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەردا، هێندێک لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە داخراویی سیاسی و ئیدئۆلۆژیک تا رادەیەک دوور دەکەنەوە و لە جاران کراوەتر دەبن.

٦ـ لە دەیەی دووهەمی ئەم قۆناغەدا، گۆڤاری تایبەت بە ژنان و منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک دەبن. دیارە پێشتریش (هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەم لە یەک دوو ساڵی یەکەمی دوای رووخانی رێژیمی شایەتی دا نموونەی بڵاوکراوەی تایبەت بە توێژێکی کۆمەڵ هەبوو، کە لە ٢ ـ ١ ژمارە تێپەڕی نەکردبوو. بەڵام ئەمجارە ئەم جۆرە گۆڤارانە بەبەردەوامی بڵاو دەبنەوە.

٧ـ نەسڵێکی تازە بە روانینێکی نوێوە دێنە نێو گۆڕەپانی رۆژنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە. نەسڵێک کە لە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی رۆژنامەنووسیی ئێران دان.

٨ـ گۆڤار و بڵاوکراوە و کاری رۆژنامەنووسی لە بازنەی حیزبەکان دێتەدەر و کەسان و گرووپی سەربەخۆ بۆخۆیان گۆڤار و سایتی سەربەخۆ بۆ باس لە پرسەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ دەخەن.

٩ـ کاناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆنی و میدیای ئەلکترۆنی دێتە نێو کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە.

١٠ـ بەشێکی بەرچاو لەو رۆژنامەنووسانەی ئەزموونی رۆژنامەنووسیی شاخیان هەبوو، تێکەڵ بە کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان دەبن.

١١ـ بەرە بەرە ژنان، وەک نووسەر، وەرگێڕ، ئەندامی دەستەی نووسەران، دیزاینێر، لە گۆڤار و رۆژنامەکان و وەک بەڕێوەبەری بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی، دیار دەکەون.

١٢ـ زۆر چەمک و دیاردە و رەهەند کە لە قۆناغەکانی پێشتر دا پشتگوێ خرابوون، لەم قۆناغەدا، ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە، بە تایبەتی لە بواری فکری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.

**ئاکام:**

١ـ رۆژنامەنووسیی شاخ(هەم لە باری ماوەوە، هەم لە باری بارستاییەوە) بەبەشێکی سەرەکی لە رۆژنامەنووسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ،

٢ـ رۆژنامەنووسیی شاخ، رۆژنامەنووسییەکی سیاسی و حیزبی بووە، نەک رۆژنامەنووسییەکی ئازاد و، خسڵەتی خەباتخوازی بەسەریدا زاڵ بووە.

٣ـ بە هۆی کەسانی سیاسی و ئەدیبی بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆرشگێڕی کوردستان بەڕێوە چوون نەک بە هۆی رۆژنامەنووسانی حیرفەیی و پسپۆر،

٤ـ بە هۆی بەربەستی جۆراوجۆر کە لە سەر رێگای بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کاغەزی هەبووە، رادیۆ دەورێکی گرنگی لە گەیاندنی پەیامی راگەیاندنی شاخ دا گێڕاوە.

٥ـ رۆژنامەنووسیی شاخ، لە باری فۆرم، بەکاربردنی وێنە و رەنگ، دیزاین، تیتر و مانشێت و رێوشوێنەکانی دیکەی رۆژنامەنووسییەوە کەم و کووڕیی زۆری هەبووە، گرنگ گەیاندنی پەیام و نێوەرۆک بووە نەک جوانیی فۆرم.

٦ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی رابردووی درێژی تێکۆشان، گەورەیی حیزبەکە و بەرینیی ناوچەی نفووز و تێکۆشان و پێویستی خەباتەکەی و بایەخدانی بە کاری رۆژنامەنووسی، زۆرترین رۆڵی لە رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە.

٧ـ داهاتنی راگەیەنی ئەمڕۆیی و پێشکەوتوو، رۆڵی راگەیەنەکانی پێشوو وەک رۆژنامەی کاغەزی و رادیۆ، کە لە رۆژنامەنووسیی شاخ دا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، کەم کردۆتەوە و ئێستا میدیای ئەلکترۆنی (ماڵپەڕی ئینترنێتی) و کاناڵی ئاسمانی قسەی یەکەم دەکەن.

٨ـ بەجیهانیبوون (پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان، کەمرەنگ بوونەوەی سنوورە جوغرافیایی و سیاسییەکان، لێک نزیکبوونەوەی بیرکردنەوە و روانینی مرۆڤەکان) و هەروەها بارودۆخ و هەلومەرجی ئەمڕۆی ژیان و تێکۆشانی تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان، چەمکی رۆژنامەنووسیی شاخی هێناوەتە ژێر پرسیار. سنووری نێوان رۆژنامەنووسیی شاخ ء تاراوگەء نێوخۆء دەرەوەی وڵاتی شێواندووە. ئەم راستییە شتێکی زۆر گرنگ و شیاوی سەرنجە، لە ئێمە رۆژنامەنووسانی دوێنێی شاخ و ئەمڕۆی تاراوگەنشین دەخوازێ خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ راگەیاندن و ئەرکی خۆمان لە هەلومەرجی نوێدا هەبێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی رابردووی درێژی تێکۆشان، گەورەیی حیزبەکە و بەرینیی ناوچەی نفووز و تێکۆشان و پێویستی خەباتەکەی و بایەخدانی بە کاری رۆژنامەنووسی، زۆرترین رۆڵی لە رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە**

# پرەنسیپە تیۆریکییەکانی دیموکراسی و جۆرەکانی

زانیار ئەحمەدی
(بەشی یەکەم)
وەرگێڕان: حسێن ئەحمەدپوور

پێشەکی:

بواری هزرو ئەندیشەی سیاسی بەرچاوترین و لە هەمان کاتدا پڕمشتومڕترین بەشی هزرو رامانی مرۆڤی بە خۆیەوە تەرخان کردوە. بە چەشنێک کە مرۆڤ بەردەوام لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیاسەتدا و لە پێوەندی لەگەڵ چەمکە سەرەکییەکانی وەک جۆری دەسەڵات و نموونە و مۆدێلی راستەقینەی دەسەڵاتداریتی دا، گەلێک پرسیاری گرینگ و هەستیاری هێناوەتە ئاراوەو عەودالی دیتنەوەی وەڵامی بە پێزە بۆ ئەو پرسیارانە. مەبەست لە هێنانە ئارای ئەو پرسیارانە گەڕان بە دوای ناسین و راڤە و شیکردنەوەی کردەی سیاسییەو هەروەها گەیشتنە بە مەعریفەی فەلسەفیی پێویست بۆ بەردەوام بوون و پێشخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لە مێژووی هزری سیاسی دا پرسیارکردن لە مافی دەسەڵاتداریتی (کێ مافی بەرێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی هەیە؟) بەردەوام یەکێک لە جەوهەریترین و گرینگترین پرسیارەکانی بیرمەندانی سیاسی بووەو لەمبارەیەشەوە گەلێک بیرو بۆ چوون و روانگەی جۆراوجۆر هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش کاری کردۆتە سەر چۆنییەتی پرۆسەی رامان و بیرکردنەوە و هەروەها چۆنیەتی بیچم گرتنی روانین و بنەما مەعریفییەکانی فەیلەسووفەکان و بیرمەندانی سیاسی.

به پێی بۆ چوونی ئێسپیریگێنز، مەبەستی تئۆرییە سیاسییەکان بریتییە لەوەیکە ئەو لایەنەی بیرو باوەڕەکانی مرۆڤ کە پێوەندی بە بواری سیاسەتەوە هەیە و رێنوێن و رێچکەی کردە سیاسییەکانیەتی، لەسەر بنەمایەکی رون و پتەو و رێک خراو دابڕێژێت. مرۆڤ دەیەوێ لە رێگەی ئەو تیۆرییە سیاسیانەوە ببێتە بوونەوەرێک کە ژیانی رۆژانەی خۆی بە پێوانەی ئاوەز بەڕێوە ببات و لە بەرێوەبردنی ژیانیدا بەسەر هەستەکانی دا زاڵ بێ.

هرزوانانی سیاسی بەوەدا ناناسرێنەوە کە خاوەنی روانین و هزری سیاسی تایبەت بە خۆیانن، بەڵکوو هۆکاری ناسینەوەیان بۆ لایەنی جۆریی( کوالیتی) روانین و هزرە سیاسییەکانیان دەگەڕێتەوە. «دیموکراسی» یەکێک لەو وەڵامە جیددیانەی هزروانانە بە پرسیاری» مافی دەسەڵاتداریتی». چەمکی دیموکراسی لە واتا گشتی و ناسراوەکەی دا وەک «مافی دەسەڵاتداریتی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیان دا» پێناسە کراوە. بەم شێوەیە چەمکی دیموکراسیش وەک زۆربەی چەمکەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ناڕوونی و ئاڵۆزی پێوە دیارە. جێگەی ئاماژەیە کە دیموکرسی لە واتا گشتی و باوەکەیدا بۆ ناسینەوەی سیستەمی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە لەو دا خەڵک خۆیان دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەبەن و ئەندامانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە دەستنیشان کردن و دیاری کردنی رێبازی سیاسی دا دەور دەبینن. لەگەڵ ئەوەیکە دیموکراسی مێژوویەکی دورو درێژو چەند هەزار ساڵەی هەیە، بەڵام هێشتا پێناسەیەکی پوخت و گشتگیری بۆ نەکراوە کە هەموو کەس قبووڵی بێ. لەو کاتەوەی کە «پریکێلس» (بیرمەندی یۆنانی) دیموکراسی وەک «دەسەڵاتی خەڵک» پێناسە کردوە، تا بە ئێستا ئەم چەمکە لەلایەن هزروانانی سیاسییەوە پێناسە و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو گۆڕانی زۆر بە سەر نێوەڕۆک و واتاکانی ئەو چەمکە دا هاتوە. لە راستی دا ئەم ناڕوونی و ئاڵۆزییە لە واتای چەمکی دیموکراسی دا ئەو بوارەی بۆ هزروانان رەخساندوە کە هەر کام بە پێی هەلومەرجی زەمانی و مەکانی و هەروەها بە پێی رێچکەو رێبازی فەلسەفی تایبەت بە خۆیان، راڤەی بکەن و پێناسەو واتای نوێی لێ هەڵێجێنن. بەو حاڵەشەوە زۆربەی هزروانان لەسەر ئەو رایە کۆکن کە دیموکراسی عەقڵانیترین شێواز و سیستەمی دەسەڵاتدارێتییە و لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی هاتنە ئارای رێبازی سیاسی ژیرانەو ئاوەزمەندانە.

ئاشکرایە کە دیموکراسی یەکێکە لەو چەمکە سەرەکیانەی نێو مێژووی هزری سیاسیی مرۆڤایەتی کە بەردەوام هزروانان و فیلەسووفەکان خۆی پێوە ماندوو دەکەن. لەلایەک هزروانانی رێبازی قوتابخانە سیاسییەکان، بە سەرنج دان بە بایەخ و گرینگی بنەماکان و دەرکەوتەکان و کارکردەکانی دیموکراسی ـ لە» پریکێلس» وە تا دەگاتە هابێرماس خۆیان بەو چەمکەوە ماندوو کردوەو لەلایەکی دیکەوە زۆربەی هەرە زۆری رێژیمە سیاسییەکان - بێ سەرنج دان بە شێوازی دەسەڵاتەوە ـ خۆیان وەک لایەنگری دیموکراسی دەناسێنن.


رەوتی بەرەو پێش چوون و گۆڕانی دیموکراسی لە کەوناراوە تا سەردەمی ئێمە کاری کردۆتە سەر بیرو بۆ چوون و روانینی هزروانان و بیرمەندانی سیاسییەوە. بە واتایەکی دیکە میراتی مێژوویی «بیرۆکەی دیموکراتیک» بۆ فیلەسوفان و بیرمەندانی سەردەمی مۆدێرن پڕ بایەخەو لە سەر چۆنییەتی بیر کردنەوەی ئێمە لە مەڕ چەمکی دیموکراسی کاریگەری قووڵی داناوە. بە بەراورد لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی دەسەڵاتداریتی دا، کەم و زۆر دەتوانین بڵێین کە گوتاری دیموکراسی بە مۆدێلە جۆراوجۆرەکانییەوە، لەگەڵ پێشوازییەکی بەرچاو رووبەروو بۆتەوە و ئێستا بۆتە ئارمانج و مەبەستی هەموو کۆمەڵگای جیهانی. بە بۆ چوونی مەکەنزی ئێستا چیتر قسە لەسەر باشی و دڵخوازبوون یان چەوتێتی و نادڵخوازبوونی دیموکراسی نیە، چونکە تێکڕای مرۆڤایەتی بە دڵنیایی و لێبڕاوییەوە دیموکراسیان وەک سیستەمی گونجاو و دڵخواز قبووڵ کردوە. بەڵام پرسی سەرەکی لەم پێوەندییەدا قسە کردنە لەسەر جۆر و فۆڕم و مودێلی گونجاوی دیموکراسی. هەر بۆیە بە مەبەستی ناسین و بەرچاو روونی زیاتر، وێڕای شی کردنەوەی چۆنییەتی سەرهەڵدان و ریشە مێژووییەکانی دیموکراسی و هەروەها رەوتی گۆڕانکاری و پێشوەچوونی ئەم چەمکە، هەوڵ دەدەین بنکۆڵی واتاو پێناسەکان و بنەما تیۆریکییەکانی دیموکراسی بکەین. لە بەشێکی دیکە دا روانینە رەخنە گرانەکان لەسەر نێوەڕۆک و رەگەزە سەرەکییەکانی دیموکراسی لەوانە لایەنی پارادۆکیسکاڵی دیموکراسی دەخەینە بەر تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەوە. لە درێژەش دا دووری دیمەن و ئاسۆی دیموکراسی و دواتریش کۆبەندێک لە باسەکە دەخەینە روو.

## ١.١ سەرچاوەو شوێنی سەرهەڵدانی دیموکراسی

لە مێژووی هزری سیاسی دا، پێداچوونەوەو سەر لە نوێ خوێندنەوەو گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە نێوەڕۆک و بنەماکانی دیموکراسی شتێکی پڕ بایەخە. گرینگییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رەوتی گۆڕان و گەشەکردنی چەمکی دیموکراسی لەکەوناراوە تا سەردەمی ئێمە، کاریگەری لەسەر روانین و هزری بیرمەندان و هزروانانی سیاسی دا داناوە. بە واتایەک میراتی مێژوویی بیرو هزری دیموکراتیک لەلای فیلەسووفانی سەردەمی مۆدێرن زۆر گرینگی هەیەو لەسەر شێوازی بیر کردنەوەی ئێمە لەمەڕ چەمکی دیموکراسی کاریگەری خۆی داناوە. هەر بۆیە بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی دیموکراسی و وێنا کردنی چوارچێوەیەکی گونجاو لەو چەمکە سەرەتا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئەو چەمکە لەرووی مێژووییەوە و هەروەها چۆنییەتی گەشەکردنی شی بکەینەوە. دواتر لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەکانی دیموکراسی دا چەند تێبینیەک لەسەر بنەماکانی دیموکراسی باس دەکەین کە لەودا جەخت لەسەر لایەنی فەلسەفی و کۆمەڵایەتیی دیموکراسی دەکرێتەوە.

### ١.١.١ مێژووی دیموکراسی

رەگەزی دیموکراسی و مێژووی یەکەمین حکوومەتە گەلییەکان بۆ سەردەمی یونانی کۆن دەگەڕێتەوە. بێ گومان، هۆکاری سەرهەڵدانی یەکەمین




دیموکراسییەکان تەنیا بۆ کۆمەڵێک رووداوی هاوچەشن ناگەڕێتەوە، بەڵکوو گەشەکردنی دیموکراسی بەرهەمی پرۆسەیەک بووە لە گۆڕانی بەردەوام کە چەندین بەرەو نەسڵی تێپەڕ کردوە. هەر بۆیە بەر لە پێناسەکردنی دیموکراسی و باس کردن لە مۆدێلە نوێیەکانی دیموکراسی، پێویستە ئاوڕێک لەلایەنی مێژوویی و رەوتی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر واتاکانی ئەو چەمکە دا هاتوە هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا سەدەی ٢١بدەینەوە. تا لەو چوارچێوەیە دا گۆڕانکارییەکان و جۆرەکانی دیموکراسی لێک جیا بکەینەوە.

نزیکەی زۆربەی هەرە زۆری هزروانان و لێکۆڵەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان کۆکن لەسەر ئەوەیکە یەکەمین دیموکراسییەکان(مۆدێلە کۆنەکانی دیموکراسی) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ٤و ٥ بەر لە زایین. لە نەریتی سیاسی رۆژئاواییەکان دا یەکەمین واتای دەستەواژەی «دیموکراسی» بۆ بەشداری راستەوخۆی خەڵک (دیمۆ) لە دەوڵەت ـ شارەکانی یونانی کۆن بەکار دەبردرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە جاکوبسن لە وتاری» یەکەمین دیموکراسی لە میزۆپۆتامیای کۆن دا « یەکەمین دیموکراسییەکان بۆ ناوچەی میزوپۆتامیا دەگەڕێنێتەوە. ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە دیموکراسی لە میزۆپۆتامیا و لە نێو سۆمێرییەکان سەری هەڵداوەو گەشەی کردوە و دواتر بۆ ناوچەکانی دیکە لەوانە یونان پەلی هاویشتوە. ئەگەر چی دەیوید هێڵد دەڵێ» مێژووی هزری دیموکراسی ئاڵۆزە، بەڵام مێژووی یەکەمین دیموکراسییەکان مرۆڤ کاس و وڕ دەکا»، بەڵام دەکرێ لە مێژووی هزرو واتا سەرەتاییەکانی دیموکراسی و دواتریش چۆنییەتی پەرەسەندن ( لە رووی جوغرافیایی) و گەشەکردنی (لە رووی نێوەڕۆک و واتاوە) ئەو چەمکە تێبگەین.

سەرهەڵدانی دیموکراسی لە واتا کلاسیکییەکەیدا بۆ سەدەی ٥ی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. ئەم مودێلە لە دەسەڵاتداریتی وەک رکەبەری مودێلەکانی دیکە دەسەڵاتداریتی، بە تایبەت بۆ دژایەتیی لەگەڵ مۆدێلی ئارسیتۆ کراسی هاتۆتە کایەوە و سەقامگیر بووە. بە بۆ چوونی حوسێن بەشیرییە، یەکەمین گۆڕان لە سیستەمی سیاسی ئاتێن واتە گۆڕانی سیستەمی ئارستیۆکراسی بۆ دیموکراسی بە چاکسازییەکانی «سۆلۆن» رێبەری هەڵبژێردراوی ئاتێن لە ساڵی ٥٩٤پ.ز دەست پێ دەکا. چاکسازییەکانی سۆلۆن و کلایستێنس دەربڕی ساتەوەختێکی مێژوویی و چارەنووسسازە لە گۆڕێن و بەرزبونەوەی پێگەی خەڵک (دیمۆ) کان بۆ ئاشتی شارۆمەندی (هاووڵاتی)یە.

هەر لەم پێوەندییە دا ئیفلاتون لە نووسینێکی رەخنە گرانە دا دەنووسێ: «پاش رووخان و هەرەسهێنانی ئارسیتۆکراسی، دیموکراسی هاتە کایەوە، هەژاران بەسەر دەوڵەمەندەکان دا سەرکەوتن، کۆمەڵێک خەڵکیان کوشت و کۆمەڵێکی دیکەشیان شار بەدەرکرد. خەڵک لە روو ئازادی و دەسەڵاتەوە یەکسان و بەرابەر خەڵق کراون»

بەڵام قۆناغی گواستنەوە و تێپەڕبوونی کۆمەڵگا بەرەو سیستەمی دیموکراسی پێویستی بە بەستێن و بواری لەبارە تا ئەم قۆناخە بە ئاسانی تێپەڕ بکرێ. لەم رووەوە بە دوای بیچم گرتن و دروست بوونی یەکەمین نیشانەکانی شارنشینی لە شارستانییەتی یونان، لە نێوان ساڵەکانی ٥٠٠ تا ٨٠٠(پ.ز) کۆمەڵێکی بەرچاو کۆمەڵگاو شاری چووکە چووکە(کە گرێدراوی یەکتر بوون) لە لێوارەکانی یونان پێک هاتن. ئەندێرسۆن لە بارەی ئەم شارانەوە دەنووسێ: «پێکهاتەو چۆنییەتی رێکخستنی ئەو شارانە... لەسەر شێوازی دەسەڵاتی ئەشرافی بنەماڵەیی بەڕێوە دەبرا. حکوومەتی ئەو شارانە زۆرتر لە رێگەی دەسەڵاتی رەهای ئەنجومەنێکی ئەشرافییەوە بەڕێوە دەبرا». بە دوای گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگا شارییانە، بە هۆی گەشەکردنی بواری بازرگانی لە (رێی وشکایی و دەریاوە) و هەروەها بە هۆی گەشەکردنی هەندێک لە شارەکانی لێواری یونان، دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان بەرە بەرە توانیان بەسەر سیستەمی سیاسی یونان دا زاڵ بن. پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوە( دەوروبەری ساڵەکانی ٦٥٠ـ ٥٥٠ پ.ز) ژیانی سیاسی یەکەمین دەوڵەت ـ شارەکان لاواز بوو و تووشی لەبەر یەک هەڵوەشانەوە هات. ئەو دەوڵەت ـ شارە سەرەتاییانە بە مەبەستی خۆ بەهێزکردن و نێوبانگ دەرکردن، بناغەکانی دەسەڵاتی ئەشرافی سوننەتیان وە لەرزە خست و بەم چەشنە بوارو بەستێنی گونجاو لە باری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بۆ پێکهاتن و سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ شارەکانی سەدەی ٤و٥ی پ.ز پێکهات. ئەم گۆڕانکارییە زیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە لە سەر داهاتووی پێکهاتەو سیستەمی سیاسی دەوڵەت ـ شارەکان شوێن دانەر بوو. لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییانەدا و هەروەها بە هۆی گەشەسەندنی بەرەبەرە و رۆژ بە رۆژ زیاتری ئەو سەردەمە، کلتوورێکی سیاسی نوێ لە سەرتاسەری یونان دا سەریهەڵدا و پەرەی سەند. مافی دەنگ دان و بەشداری سیاسی بە «هاووڵاتیانی ئازاد» بەخشرا. پاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە یاسا بنەڕەتییەکانی دەوڵەت شارەکان دا هاتە ئاراوە، پێکهاتەی سیستەمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاتێن گۆڕانی بنچینەیی و قوڵتری بە خۆیەوە بینی. پێدەچێ لە نێوەڕاستەکانی سەدەی شەشەمی پێش زایین، بەردی بناغەی یەکەمین حکوومەتی «دیمۆکراتیک» لە «کیوس» دانرا و دواتر هەندێک حکوومەتی هاوشێوە هەرکام بە تایبەتمەندی خۆیەوە لە دەوڵەت شارەکانی دیکە هاتنە کایەوە.

پوپێر لە کتێبی « کۆمەڵگای کراوە و نەیارانی» بستێنەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و پەرەسەندنی دیموکراسی شی دەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو هۆکاری سەرەکی رووخانی کۆمەڵگای داخراو گە یونانی کۆن دا، گەشەسەندن و پێشکەوتنی پێوەندییە دەریاییەکانی و بواری بازرگانی بوو. بازرگانی و پێشکەوتنی بازرگانی یەکێک لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی توانای داهێنان لە مرۆڤ دا و هەروەها گەشەکردنی بیروهەستی سەربەخۆیی خوازی تاک. پاش ئەم گۆڕانکارییانە و پاش هاتنە ئارای بیری سەربەخۆیی تاک لە نێو وەرزێران و بازرگانان دا و هەروەها پاش هاتنە ئارای بەستێنی لەبار بۆ کۆتایی هاتنی سیستەمی رەعییەتی و بێگاری، زۆربەی رێژیمە تیرانیەکانی یونان بەرەو دیمۆکراسی رۆیشتن. لەو سەردەمەدا بەندەرەکان کە بنکەی بازرگانی بوون، وەک سەنگەری دیمۆکراسی دەرکەوتن. پوپێر هەروەها دروست بوونی بازاری کتێب لە ئاتێن (سەدەی٥پ.ز) بە درەوشانەوەی سەرسووڕهێنەر پێناسەی دەکا و ئەو بابەتەش وەک لایەنێکی دیمۆکراسی ئاتێن سەیر دەکا.

«عنایەت» لە پێشەکی وەرگێڕانی «رسالە سیاست ارسطو» دا دەنووسێ: لە ساڵی ٥٠٩پ.ز بە هۆی چاکسازییەکانی کلایستێنس (یاسادانەری ئاتێن) بەڕێوەبەریی کۆمەڵگای ئاتێن کەوتە دەست دێهاتییەکانەوە. لەوە بەدوا حکوومەتی «ئاتێن» یان بە «دیمۆکراسیا» واتە حکوومەتی دێهاتییەکان ناو دەهێنا. ئەو واتایە بەرەبەرە جێی خۆی گرت، تا وای لێ هات کە «دیموکراسی» بەو حکوومەتانە دەوترا کە پیاوان هەموو لە بەڕێوەبردنیدا بەشداری دەکەن. ئەگەر چی دیمۆکراسییەکەی ئاتێن نەیتوانی سنووری دەوڵەت شارەکانی یونان تێپەڕێنێ، بەڵام بووە ئیلهام بەخشی بیرمەندانێک لە سەردەمی نوێدا. پاش هەرەس هێنانی دیمۆکراسی لە یونانی کۆن دا، ئەو چەمکە دووهەزار ساڵ دواتر لە رۆم بۆ جارێکی دیکە سەریهەڵدایەوە. دوای رێنساس بیرۆکەی دیمۆکراسی ئاتێن سەرنجی بیرمەندانی بۆلای خۆی راکێشا و دیمۆکراسی ئەمجارەیان لە چوارچێوەی «کۆماری نوێ»دا واتای پێ بەخشرا. بە پێی نووسراوەکانی مێژوونووسانی یونانی لە بارەی رۆمەوە، سیستەمی کۆماری ئەو وڵاتە لە سەر بنەمای سێ رەگەزی پاشایەتی (کۆنسول)، ئەشرافی (سەنا) و دیموکراسی (ئەنجومەنە گەلییەکان) دامەزرا بوو.

هەندێک لە کاریگەرترین رامانە

ل ١٠

# لە پەراوێزی سەفەرەکەی «ئەحمەدی نژاد»دا بۆ نیۆیۆرک

مادح ئەحمەدی

بەمەبەستی بەشداری لە کۆبوونەوەی «پەیمانی قەدەغەکردنی چەکە ناوکییەکان» ناسراو بە «NPT»(ئێن پی تی) رۆژی یەکشەممەی رابردوو، «مەحموود ئەحمەدی نژاد»، سەرکۆماری ئێران بە یاروەری وەفدێک گەیشتە نیۆیۆرک.

کۆبوونەوەی «NPT» هەر پێنج ساڵ جارێک بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پەیمانی قەدەغەکردنی چەکە ناوکییەکان و لێکدانەوەی ئاکار و رەفتاری ئەو وڵاتانەی کە ئەم پەیماننامەیان واژۆ کردوە لەم پێوەندییەدا بەڕێوە دەچێ. لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەکەیان واژۆ کردوە بەشدارن و کۆبوونەوەکەش لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەڕێوە دەچێ.

کۆبوونەوەی ئەمساڵی «NPT» دوێنێ، واتە ٣ی مانگی مەی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و رەنگە تا چوار هەفتە بخایەنێ.

سەفەری ئەمجارەی ئەحمدی نژاد بۆ نیۆیۆرک لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ١+٥ بەو بۆنەوە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر پرۆژە ناوەکییەکانی سوورە، دەیانهەوێ کۆمەڵێ گەمارۆی نوێ بخەنە سەر ئەو وڵاتە.

لە نێوان نوێنەرانی ١٨٩ وڵاتی جیهاندا، ئەحمەدی نژاد تەنیا سەرکۆمارێکە کە بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە کردوەو وڵاتانی دیکە جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە میوانداری کۆبوونەوەکەیە، لە ئاستی جێگری وەزیری دەرەوە یان باڵوێزدا بەشداران.

هۆکاری ئەوەی کە ئەحمەدی نژاد بۆ خۆی بەشداری کۆبونەوەکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو دەیهەوێ رۆڵی زیاتر بگێڕێ و وەک جارەکانی دیکە بە هۆی وتەکانییەوە لەمەڕ «هۆلۆکاست»، «کارەساتی ١١ی سێپتامبر»، «دژایەتی کردنی ئیسراییل و... لە ژمارەیەک لە میدیا جیهانییەکاندا دەر بکەوێ.

ئەحمەدی نژاد رۆژی دووشەممە لە پەیامەکەیدا بە هامان ئاراستەدا قسەی کرد کە بۆ میدیاکان سەرنج راکێش بێ. ناوبراو لە قسەکانیدا وێڕای پێداگری لە سەر ئەوی کە وڵاتەکەی دەسبەرداری پیداندنی یۆرانیۆم نابێ پێنج پێشنیاری خستە ڕوو کە یەکیان «پێویستی چاکسازی لە «NPT» دا بوو. سەرکۆماری ئیسلامی ئێران لە وتەکانیدا بە جێ وڵامدانەوە بەو گومان و پرسیارانەی کە کۆمەڵگای جیهانی بەرانبەر بە پرۆژە ناوەکییەکانی ئەو وڵاتە هەیانە، وەک هەمیشە هێرشی کردە سەر وڵاتانی دیکەی جیهان و بەتایبەت ئەمریکا و رایگەیاند کە ئەم وڵاتانە دەبێ لە ڕووی ناوەکییەوە چەک بکرێن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی بۆتە مەترسییەکی گەورە لە ناوچەکەدا و کۆمەڵگای جیهانی لە دەستڕاگەیشتنی ئەم وڵاتە بە چەکی ناوەکی نیگەرانە.

ئەم سیاسەتەی ئەحمەدی نژاد کە لە وتەکانیدا بەردەوام پەلاماری وڵاتانی دیکە دەدا، لە راستیدا بەڕێوە بردنی قسەکانی «عەلی خامنەیی»ە کە دوو ساڵ لەوە پێش رایگەیاند کە باشترین هەڵوێست لە بەرانبەر هێرشی رۆژاواوە ئەوەیە کە هێرشیان بکەیتەوە سەر.

**ئەم سیاسەتەی ئەحمەدی نژاد کە لە وتەکانیدا بەردەوام پەلاماری وڵاتانی دیکە دەدا، لە راستیدا بەڕێوە بردنی قسەکانی «عەلی خامنەیی»ە کە دوو ساڵ لەوە پێش رایگەیاند کە باشترین هەڵوێست لە بەرانبەر هێرشی رۆژاواوە ئەوەیە کە هێرشیان بکەیتەوە سەر**

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە وەک جارەکانی دیکە ئەم جارەش نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیاو فەرەنسا لە کاتی قسەکانی ئەحمەدی نژاددا هۆڵی کۆبوونەوەکەیان بە جێ هێشت. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە پێگەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا رۆژ لە دوای رۆژ لاوازتر دەبێ و تا ئاستێک کە هەندێ لە وڵاتان هیچ بایەخێک بۆ وتەکانی سەرکۆماری ئەو وڵاتە دانانێن. ئەمەش بەرهەمی ئەو سیاسەتە چەوتەیەی کە ئەحمەدی نژاد لە هەموو ئاستەکاندا پەیڕەوی دەکا.

ئەگەرچی ئەحمەدی نژاد چەند پێشنیارێکی خستە ڕوو، بەڵام زۆر روونە کە ناچنە ئاستی بەڕێوەبردنەوەو ئەو گرنگییەشی پێ نەدراو ئەم پێشنیارانەش دەکرا لە لایەن باڵوێز یا جێگیری وەزیری دەرەوە باس کرا با و ئەو هەموو خەرجەیان نەکرابا. هەروەها بە پێیەی کە شارەوانی نیۆیۆرک رایگەیاند کە لەم سەفەرەدا ئەحمەدی نژاد تەنیا دەتوانێ لە هۆتیلەکەیەوە تا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێ و بچێ، وا دیارە لە ڕووی میدیایشەوە ئەو دەستکەوتەی نابێ کە ناوبراو خۆی لێ تاو دابوو و کیسەی بۆ هەڵدووری بووە.

# بانگەوازێکی دڵسۆزانە

## سەرکردەی کاریزمایی هەموو شتێک دەکات بە قوربانی لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی خاک و نەتەوەکەی بە بەخشینی گیانیشیەوە!

سوارە قەڵادزەیی



من وەکوو رووناکبیرو وڵاتپارێزێک ڕێگە بە خۆم نادەم خۆم بکەم بە پیتۆڵ و ریشچەرموویەک یان دنیادیدەیەک...، دوای ئەو هەموو ئەزموون و گلان و هەناسەسواریەی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەکەمان دووچاری بووە...، دوای ئەو ئەزموونە مێژووییەی خودی سەرکردەکانی خۆمان پێیدا گوزەریان کردوەو تاقییان کردۆتەوە چ لە ناوخۆی هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورەو.. چ لە ناوخۆی هەر پارچەیەکی ئەو خاکە بریندارو زامدارەی لە پەیماننامەی زەهاوەوە بە دەست داگیرکەرانی کوردستان و کۆلۆنیالکارانی جیهانیەوە.. پێش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ی زایینی)وە وەک گۆشتی قوربانی بەش بەش و لەتوکوت کراوە.. روونکردنەوەو راوێژو ڕێنمایی بخەمە بەردەم سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆو دوێنێی مەیدانی خەبات و بەرخودان لە پێناو بەدیهێنانی مافی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیەکانمان.

ئەوەندەی من و سەدان تاکی بەتەنگەوە بوو دڵسۆزی خاک و نەتەوەو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە پتر لە چل ساڵە لە نزیکەوە پێکەوە چ لە گۆڕەپانی رووداوو کارەساتەکاندا دەژین چ وەک چاوەدێر لە سەر شاشەی ئەزموونەکان و رووداوەکانی هەر چوار پارچەو شۆڕش و بزووتنەوەکان چاوەدێری گۆڕەپانەکە دەکەین بە چاوو بە هزرو بە لۆجیک و کەتوار (واقیع) رووداوەکان دەبینین.. گلان و هەستانەوەکان دەبینین.. دەرک بە رەوتی سیاسی و پەیڕەو لێکترازان و باڵباڵێنەکان دەکەین.. ئەورۆشی لەگەڵدا بێ کە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەو دنیای ئینتێرنێت و تەکنەلۆژیای مۆدێرن گاڵە بە فەندەمەنتالیزی ئەفسانەیی دەکات.. تا نووسینی ئەو چەند دێڕەش لە سێ بەشی کوردستانی گەورە نەتەوەکەمان لە مافی سەربەخۆیی و زمان مافی بە ئازادی ژیان بێ بەرییە...، هەمووشمان ئەوە باش دەزانین دنیای ئەمڕۆ دنیای لۆجیکێکی نوێیە.. ئەویش: پەیڕەوو لەخۆبردوویی و سوودی گشتیی خستنەسەر سوودی تایبەتە...، پەیڕەوی پاوانخوازیی کورسی و دەسەڵاتی تاکپەرستی نیەو لە زۆربەی گرفتەکانیش بۆ ئێمەی ژێردەست و ئاوارەو دەربەدەر قبووڵ نەکردنی یەکترییە.. بۆیە ئەمڕۆ زەمینەو هەلومەرجەکان دەخوازن بە لایەن هەر تاک و دڵسۆزز پێشمەرگەیەکی سەربەخۆخوازی را ستەقینە روو بکەینە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، روو بکەینە سەرکردەو سکرتێرە گشتییەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییەکان بۆ ئەوەی بە ئەقڵی سەدەی نوێ مامەڵە لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریاندا بکەن.. کاروانی ئازادی و شارستانی چۆتە سەر هێڵی دروستی خۆی.. بۆ چاوی کاڵی کۆنسێرڤاتیف و خودپەرستی لە ویستگەکانی خۆی.. «بە دەوری خۆیدا خول ناخوات»و دەست لە ناو دەست نان و یەکتر قبووڵ کردن و بەرژەوەندیی زۆرینە خستنەسەر بەرژەوەندی تاک و کەمینە، خەسڵەتی ئایدیۆلۆژی خوازییە.. زۆربەی لێکترازان و حیزب دروست کردن و جیابوونەوەکان لە ئاکامی بەرژەوەندیی کورسی و ویستی تاکەکەس لەدایک بوون بۆیە تا ئێستا، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە خاوەنی تۆمارێک لە مێژووی خوێناوی و خەبات و بەرخۆدانی رزگاریخوازییە واتە پتر لە چارەکە سەدەیەکە بە دەست رێژیمی مەزهەبییەوە دەناڵێنێت کە بە لۆجیکی «هەزارو چوار سەد ساڵ» لەوەپێش فەرمانڕەوایەتی میللەتێکی خاوەن دەوڵەمەندترین شارستانی دەکات.

دەبوو ئەورۆ بە پێی هەلومەرجێکی چاوەڕێکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانیاری کە گەلانی ئێران و سەرجەم پارت و ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی ئەو وڵاتە پێیدا تێدەپەڕن .. بە چاوی خۆیان گۆڕانکارییە ستراتیژی و ئابوری و سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی دنیا بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان (بە هەر دوو باڵیەوە چاوەڕێی کەمپینی گرووپ و تاکە دڵسۆزەکانی کوردو دۆستانیان بن بۆ تکاو رجا کردن و لە دەرگەدانی سەرکردایەتی هەر دوو حیزب...) ئەگەرچی ئێمەی کورد تا ئەورۆ نەمانکردووە بە پەیڕەو بۆ ئاشتەوایی و لەگەڵ یەکتر ئاشتبوونەوە بێ لایەنی سێیەم بۆ خۆمان هەستین لە دەرگای ماڵی یەکتر بدەین و داوای لێبوردن لە شەهیدان و گەلەکەشمان بکەین کە جارێکی تر بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی نابین بە دوو باڵ و سێ باڵ و نابین بە دڕووی «مەم و زین»، سەنگەرێکی پێشمەرگە ناکەین بە دوو. بیرو باوەڕو پەیڕەوی ناوخۆو فیداکاری بۆ بەرژەوەندیی خاک و نەتەوە ناکەین بە قوربانی بۆبەرژەوەندی کاتی لە ژیانی ئاوارەیی و لە دەشتی «کۆیەو زرگوێز»دا. لانی کەم سوود لە ئەزموونی پتر لە ٣٠ ساڵی باشووری ئازادی هەرێمی کوردستان دەبینین. «چییان لە شەڕی خۆقرکەری نێوان هەر دوو حیزبی باڵادەست (یەکیەتی و پارتی) چنیەوە...! ئەم نووسینە لە ئاکامی خوێندنەوەی هەر دوو دیداری هێژایان برایانم کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی سەری هەڵداوە «لە هەر دوو رۆژنامەی کوردستان» ئۆرگانی هەر دوو حیزب کە بەشی بەرچاوی گلەیی و گازندەکانی بە مەبەستی (مانەوەی بارودۆخی ئێستای هەر دوو باڵ) بەش بە حاڵی خۆم لە تێڕوانینی دۆستێکی دێرینی ئەو حیزبە کە بۆ چەندین ساڵ دەچێ وەک یەک خانەوادەو خێزان تێکەڵاوین.. مانەوەی بارودۆخەکە لە شەرایەتێکی ئەوتۆدا کە گەلی کوردو بزووتنەوەی گەلانی ئێران پێیدا تێدەپەڕن بەڕەوا بەدی ناکرێ و ناچێتە چوارچێوەی ململانێی ئایدۆلۆژیکی و کاریگەری نیگەتیڤی لە سەر رەوتی بزووتنەوەکە داناوە چ لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان چ لە هەندەران چ لە هەلومەرجی ئەو ژیانەی ئەورۆ لە ئاوارەییدا بە سەر دەبرێت.. من بە ناوی هەموو دڵسۆزێکی گەلەکەمەوە بە ناوی هەموو پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازێکەوە روو دەکەمە سەرکردایەتی هەر دوو حیزب کە بەرژەوەندی هەلومەرجی ئێستای مەسەلەی کوردو گەلانی ئێران لە بەرچاو بگرن.. یەکتر قبووڵ بکەن.. هەر دوو حیزب خاوەنی یەک پەیڕەوی ناسیۆنالیستی سەردەمیانەن.. دەبێت سەروەریی خەباتی پتر لە ٦٠ ساڵەو خوێنی شەهیدان و رێبازی پێشەوا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بپارێزین.. ماکی سەرەکی یەکبوونەوەی هەر دوو باڵ بەر لە هەموو شتێک نیازپاکییە لە پرۆسەکەدا.. دەنا کێشەی ناوگۆڕین و گرفتی بە چەند باڵ بوون لە خۆیدا کۆسپی سەرەکی یەکبوونەوە نیە ـ تکایە ـ با بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئێمەی کوردیش وەک گەلانی پێشکەوتوو ئازادیخوازی جیهان ببین بە خاوەنی سەرکردایەتی سەرکردەیەکی کاریزمایی، خۆمان بکەین بە نموونەیەکی سەردەمیانە، با ئێمەش بشێ لە مێژوودا ببین بە خاوەنی: ماندێلایەک، غاندییەک، هۆشی مینەیەک هەموو بە یەکەوە، تەنها بە نووسین نا «بە کردەوەو هەنگاو» ئامێز بە یەکتردا بکەینەوە.

**ئەمڕۆ**
**زەمینەو هەلومەرجەکان دەخوازن بە لایەن هەر تاک و دڵسۆزز پێشمەرگەیەکی سەربەخۆخوازی را ستەقینە روو بکەینە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، روو بکەینە سەرکردەو سکرتێرە گشتییەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییەکان بۆ ئەوەی بە ئەقڵی سەدەی نوێ مامەڵە لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریاندا بکەن**

# لە پەراوێزی ئیمزا کردنی پەیماننامەی ژنێڤاکاڵ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە

ب . نیان

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا ڕێکەوتننامەی ژنێڤاکاڵی ئیمزا کرد.

کاک خالید عەزیزی لە کاتی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا گوتی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد نە مینمان دروست کردوە و نە بەکارمان هێناوە، بەڵکوو ئێمە خۆمان قوربانیانی ئەو چەکە وێرانکەرەین و بۆیەش دژایەتیی دروستکردن و بەکارهێنان و هەڵگرتنی دەکەین و چاوەڕوانیشمان لە ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ هەیە کە بە هاوڕێیەتی ڕێکخراوەکانی دیکە فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو مینانەی بۆ خۆی و بۆ مەبەستی سیاسی و نیزامی لە کوردستان چاندوویەتی، بێ هەڵی بگرێتەوە.

خاتوو ئیلیزابێت دیکرێ وارنێر، سەرۆکی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵیش لە کاتی ئیمزا کردنی ئەو پەیماننامەیەدا ویرای مەحکوومکردنی سیاسەت و ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ مینڕێژ کردنی کوردستان و کەمتەرخەمیی ئەو ڕێژیمە بۆ هەڵگرتنەوەیان، پیشوازیی لە هەوڵە مرۆیی و ئاشتیخوازانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ کە ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و، بە پشتیوانیی ئەو ڕێکخراوەیە بانگەواز بۆ دژایەتیکردنی دروستکردن و هەڵگرتن و عەمبارکردنی مینی دژەنەفەر دەکا، تا ئێستا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی شەڕیان تێدا ڕووی داوە، بنکە و ئۆفیسی کردۆتەوە و یارمەتیی هەڵگرتنەوەی مین و پێڕاگەشتن بە قوربانییانی تەقینەوەی مین لەو ناوچانەی داوە.

کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ٣٠ ساڵە باجی تەقینەوەی مین لە ژینگە و شوێنی ژیانیان دەدەن و بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ساڵ دا زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە خەڵکی کوردستان کە زۆربەشیان دانیشتووی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانن، بە هۆی تەقینەوەی مین لە شوێنی کار و ژیان و ماڵ و حاڵیان دا دەکوژرێن وبریندار و نقوستان دەبن.

مین وەک خۆی چەکێکی بەرگرییە کە لە بەرەکانی شەڕدا بۆ بەرگەری لە شوێنە نیزامییەکان لە هێرشی دوژمن و بۆ ترساندن و خاوو لەسەرخۆ کردنەوەی هێزی دوژمن لە جموجۆڵ بەکار دێ. لە کاتی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق و ئێران دا ڕێژیم نیزیک بە ١٦ میلیۆن مینی دژە نەفەری لە کوردستان چاند، لە کاتی هێرش و میلیتاریزە کردنی کوردستانیش دا گوندو بەرزایی و تەپۆڵکە نەما مۆڵگەو پایەگای لێ دانەمەزرێنێ و دەوروبەری ئەو مۆڵگانەش بە مین نەتەنێ.

بەڵام ئێستا ٢١ ساڵە شەری ئێران ـ عێراق کۆتایی پێهاتوە و نیزیک ١٥ ساڵیشە چالاکیی چەکداریی حیزبە



کوردستانییەکان وەستێندراوە. لەم ڕووەشەوە بەشی هەرە زۆری کۆنە مۆڵگەکانی ڕێژیم چۆل کراون و بێ کۆ کردنەوەی مینەکان، تێلدرووەکانی دەوروبەریان کۆ کراون کەچی نەک هەڵمەتی کۆکردنەوەو پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان هەنگاوێکی کردەیی بۆ هەڵ نەهێندراوەتەوە، بەڵکوو پرۆسەی مینرێژ کردن لە ناوچەکانی سەر سنوورو لە سەر ڕێی کاسبکاران و کاروانچییەکانی سەر سنوور لە لایەن ڕێژیمەوە ڕەوتێکی بەردەوام بووە.

قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان نیزیک بە تەواویان خەڵکی مەدەنی و کەسانی بێدەرەتانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانن.

ئەو منداڵانەی بۆ کایە و قوماران لە گوندی دەچنە دەرێ یان بەرخەل و گاڕان وەپێش خۆیان دەدەن و ڕێی لەوەڕگەکانی دەوروبەر گوندەکەیان دەگرنە بەر، ئەو ژن و کچانەی کە بۆ کەنگر و ڕێواس و گیا و گژی بەهاری ملی شاخ و بەندەن و کوێستانەکانی دوورو نزیکی ئاواییەکانیان دەگرن و ئەو کاسبکارو خەڵکە لێقەوماوەی بۆ پارووە نانێک بۆسەکانی هێزە کورد کوژەکانی کۆماری ئیسلامی و گرژی و ڕژدییەکانی سروشت دەبەزێنن و دواجار یان گیانیان لە سەر ئەم پاروووە نانە دادەنێن یان بە نەقوستانی دەبنە سەرباری خێزان و ماڵ و منداڵە هەژارو دەسکورتەکەیان، ئەوانە بەشی سەرەکیی قوربانیانی تەقینەوەی مین لە کوردستان پێک دێنن، بەڵام ئەوانەی کە بەم هۆیەوە گیانیان لە دەست دەدەن زۆر بەختەوەرتر لەو کەسانەن کە بە نقوستانی و پەککەوتویی بێ هیچ چەشنە یارمەتیدانێکی پزیشکی و قەرەبووکردنەوە و پێراگەیشتنێک و دابینبوونێکی کۆمەڵایەتی دەبێ درێژە بە ژیانی پڕ چەرمەسەرییان بدەن.

جیا لە زیانە گیانییەکانی تەقینەوەی مین، هەبوونی ئەم وردیلە مەرگ هێنەرە چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی ئابوورییەوە زیان و خەسارێکی زۆری بە کۆمەڵگا و ئابووریی کوردستان گەیاندوە. ئێستاش بە هەزاران هێکتار زەویی بە پیت ولەوەڕگە و کوێستانەکانی کوردستان بە هۆی مینڕێژ بوونیانەوە کەڵکیان لێ وەناگیرێ، بە هەزاران کەس لە گوندنشینان ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە و ڕوویان کردۆتە شارەکان و ڕیژەی بێکاریان لەم سونگەوە بردۆتە سەر. دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک چوونەسەرێی ڕێژەی تەڵاق، قەیرەیی، بێوەژنی، منداڵانی سەر شەقام و تەنانەت سواڵکەری لە دەرەنجامەکانی تەقینەوەی مین و کاریگەریی ئەم قەیرانە لەسەر کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بە پێی ئاماری ناوەندە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێستا زیاتر لە ١٢ میلیۆن مین لە کوردستان بە پووچەڵنەکراوی ماونەتەوە و تێپەڕینی زەمان و ڕووداوە سرووشتییەکانی وەک بەفر و باران لەو ماوەیەدا جێگۆرکێی بە زۆر لەو مینانە کردوە و تەنانەت بەشێکی هەرە زۆری نیزیک بە تەواوی ئەو مینانەش بە بێ نەخشە و کاتی خۆی و ئێستاش هەروا لە گۆترە چێندراون و ئەوەش کاری هەڵگرتنەوەیانی چەند بەرابەر دژوار کردوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن هەڵگرتنەوەی هەر مینێک زیاتر لە ٣٠٠ دۆلار و بە گشتی خاوێن کردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان ٤٠ ساڵی دیکەش کات دەبا.

بەڵام ئەو جۆرە لیدوان و سیاسەتانە لە ڕاستیدا تەنیا پاساوێکن بۆ ئەوەی کە ئەو ناوچانە هەر بەو شێوەیە و وەک خۆیان بە مینڕێژکراوی بمێننەوە.

کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە ئەو مینانە میراتی شەڕی ٨ ساڵەن و ئێستاش بە هۆی تەحریمەکانی سەر ئێرانەوە ناتوانن کەرەسە و تێکنۆلۆژی پێویست بۆ هەڵگرتنەوەی مینەکان دابین بکەن و بە شێوەی دەستیش هەر مینێک زیاتر لە ٣٠٠ دۆلاری تێدەچێ.

لەوبارەوە ڕوونکردنەوەی چەند بابەت پێویستە. یەکەم ئەوەی کە لەوانەیە بەشێکی زۆری ئەو مینانە لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا چێندرابن، بەڵام خۆ زۆربەی شوێنەکانی کوردستان و ناوچەکانی قووڵایی کوردستان خۆ بەرەی شەری ٨ ساڵە نەبوون، ئەدی چۆنە مینڕێژ کراون؟

دووهەم ئەوەی کە ئەوە زیاتر لە ٢٠ ساڵە شەڕی ئێران و عیراق کۆتایی پێ هاتوە، کوا کۆماری ئیسلامی چەند مەیدانی مین لە کوردستانی خاوێن لە مین کردۆتەوە، خۆ ئەوەش لە جێی خۆی کە نەک تا ئێستا دەستی لەو کارە ڕاگرتوە، بگرە بە بەردەوامیش درێژەی بە ڕەوتی مینرێژ کردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان داوە.

سێهەم ئەوەی کە کامە ناوەند و دەزگایەکی حکوومی خۆی لە بەرامبەر بە ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان بە بەرپرسیار زانیوە و تا ئێستا کامە ناوەند بنەماڵەی قوربانییانی ئەو شەرە بەردەوامەی لە کوردستانی قەرەبوو کردۆتەوە و کامانە ناوەند و بنیات بۆ پێراگەیشتن و دابینکردنی ژیانی قوربانییانی نقوستان و پەککەوتووانی ڕوووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان دامەزراون و بوونیان هەیە؟؟

چوارەم ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی باس لە تێچووی زۆری ئەو هەڵمەتە و نەبوونی تێکنۆلۆژیی پێویست بۆ هەڵگرتنەوەی مین لە کوردستان دەکا، ئەدی چۆنە کۆماری ئیسلامی بە میلیۆنها دۆلار یارمەتیی گرووپە شەڕخوازەکانی فلستین و لوبنان دەکا و بە میلیارد دۆلار سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی ڤێنۆزۆێلا و زیمبابوە و ئۆگاندا دەکا و نەخۆشخانەی چەند سەد میلیۆن دۆلاری لە بەحرەین بۆ شیعەکانی ئەو وڵاتە ساز دەکا، بەڵام بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی کە هەر بۆ خۆی چاندوونی و بۆ بڕینەوەی مووچەیەکی هەرچەندە کەمیش بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتانە دەکرووزێتەوە و خۆی لەو بەرپرسیارەتییە دەدزێتەوە؟ چۆنە کە تێکنۆلۆژیی ئەوەی هەیە کە ئاسمان داگیر بکا و ئاپۆلۆ و مانگی دەسکرد وەحەوا بخا، ئۆرانیۆم بە خەستیی زیاتر لە ٢٠٪ بەرهەم بهێنێ و جێی شیرکەتە گەورەکانی دۆزینەوە وهەڵێنجانی نەوت لە مەیدانە نەفتییەکان بگرێتەوە و سیستمی سیخوڕی پێشکەوتوو لە سەر جموجۆڵ و پێوەندییەکانی خەڵک دابنێ، بەڵام ناتوانێ چەند ماشێنێکی سادەی تەقاندنەوەی مین و کەرەسەی دۆزینەوەی مین دابین بکا؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوەی بۆ ڕێژیم گرینگ نیە گیان و خوێن و سەرو ماڵی خەڵکی کوردە. ڕێژیم ئەوەی بە کردەوە سەڵماندوە کە دوژمنی قەستەسەرو نەیاری سوێندخواردووی گەلی کوردەو بۆ تواندنەوەی ئەم گەلەو بە چۆکداهێنانی بزووتنەوەی بەرەنگاری و مافخوازانەی ئەو گەلەش لە هیچ چەشنە جینایەتێک و کردەوەیەکی نامرۆیی نەپرینگاوەتەوە. هەر بۆیەش لەو پێوەندییەدا نە بۆ خۆی هیچ هەنگاوێگ هەڵ دەگرێ و نە ڕێگە بە ڕێکخراوە مرڤدۆستە نێو نەتەوەییەکانی وەکوو ژنێڤاکاڵیش دەدا کە بێنە کوردستان و لەم پێناوەدا بە هانای خەڵکی کوردستانەوە بێن.



درێژەی:

## پرنسیپە تیۆریکییەکانی دێموکراسی و جۆرەکانی

فەلسەفی و مەعریفییەکانی هزری دیمۆکراسی، لە لایەن بیرمەندانی سەردەمی نوێیەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە. لە سەدەکانی ١٥ و ١٦ی زایینیدا، ماکیاوێلی و هەندێک لە کۆماریخوازەکان و ئۆمانیستەکان، بەستێنەکانی بوژانەوەی هزری دیمۆکراسیان لە بار کرد. لە سەدەی ١٧، لە بریتانیا جان لیلبۆرن و بەرابەریخوازانی دیکە هەوڵیان دەدا کارایی بنەڕەتی

هزری دیمۆکراسی و پێوەندی ئەو هزرە لەگەڵ یەکسانی کۆمەڵایەتی بسەلمێنن. هەر لە کۆتایی سەدەی ١٧دا جان «لاک بۆ پاساودانەوەی تیۆری» «شۆڕش» پشتی بە هەندێک هزری و تیۆری بەست کە پێوەندییان بە دیمۆکراسییەوە هەبوو. لە سەدەی ١٨دا ژان ژاک ڕۆسۆ، تۆماس پین و تۆماس جێفرسۆن گیانێکی شۆڕشگێڕانەیان وەبەر هزری دیمۆکراسیدا کرد. شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەرانسە، هێزی سیاسی ئەو تیۆرییانەیان سەلماند. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩دا ئارمانی دیمۆکراسی لە ژێر کاریگەری بیری هزروانانێکی وەک جەیمزمیل، جان ستوات میل و ئالێکسی دوتۆکوێل دا کەوتە ناوەندی سەرەکی دوورەدیمەنی بیری سیاسییەوە. بەرلە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٨ و بەتایبەت دوای شۆڕشەکانی ئەمریکا و

فەرانسە ئەو ڕوانگەیەی کە دیمۆکراسییەکەی یونانی کۆنی وەک دەسەڵاتێکی کۆماری کە لەوەدا ئەشرافییەت پێڕەوی لە هاووڵاتیانی زەحمەتکێش و

سەروسواڵکەر سەیر دەکرد، باو بوو. ئەم ڕونگەیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و مێژوویەکی دەگەڕێتەوە بۆ یونانی کۆن خۆی کە لەو سەردەمەشدا دیمۆکراسی وەک دەسەڵاتی خەڵکی دێهاتی و سەرو سواڵکەران سەیر دەکرا. ئەو ڕوانگەیە لە بارەی دێموکراسییەوە کە بە دەسەڵاتی هاووڵاتی زەحمەتکێش دەوترێ، تا ئێستاش هەر بوونی هەیە.

لە ڕوانگەی هانتینگتۆنەوە دیموکراسی مۆدێرن جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ مۆدێلە کلاسیکەکانی دێموکراسی دا هەیە.

ئەو پێیوایە کە دیمۆکراسی گوندی و هۆز و دەوڵەت شارەکان لەگەڵ دیمۆکراسی مودێرن کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ١٧، جیاوازی بنەڕەتیان پێکەوە هەیە.

بە بۆچوونی هانتینگتۆن گەشە کردنی بیروباوەڕی دێموکراتیک لە ئاکام گرینگەکانی شۆڕشی بریتانیا بوو. پەرە سەندنی دام و دەزگا و ناوەندە دێموکراتیکەکان لە سەدەی ٢٠دا بووە هۆی گەشەکردن و تەشەنە سەندنی بیروباوەڕی دیمۆکراتیک. لە کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠دا جێگیر بوون و پەرەسەندنی ناوەند ودامەزراوە دێموکراتیکەکان خێراتر لە هەر کاتێکی دیکە بەرەو پێش دەڕوا. ئەو ناوەندانە لە ئاکامی شەپۆلەکانی گوزار بەرەو دیمۆکراسی سەریان هەڵداوە. هەر لەم پێوەندییەدا حوسین بەشرییە پێی وایە: دیمۆکراسی لە واتا مودێڕنەکەیدا بەرهەمی گۆڕانە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی نوێیە لەسەر بنەمای عەقڵانییەتی مۆدێرنیتە.

# بۆیە خۆشم ئەوێی!

کەژاڵ ئیسماعیل



چەندە خۆشە..
ئەو ساتەی پێم ئەڵێی
خۆشم ئەوێی
ئەزانم پێت ناخۆشە..
کە لێت ئەپرسم
بۆ..؟
منیش وەک هەموو ژنێک
دوو چاو و
دوو لێو و
یەک دڵم هەیە..!
پێم ئەڵێی لێم مەپرسە
بۆ..؟!
خۆشم ئەوێیت و بۆیە!
دوو چاوی تۆ پڕن لە نهێنی
پڕن لە ڕەنگی تابلۆیەکی سیحراوی و
دوو لێوت وەک بۆڵەکانی
هێشووە ترێیەکی تەمووز
تامی شەراب ئەدەن و..
دڵیشت کۆشکی میهرەبانی یە
خۆشم ئەوێیت و بۆیە!
لێت ئەپرسم..
هەموو ژنێک چاوی جوانە و
لێوی ئاڵە و
دڵی میهرەبانە
ئیتر بۆچی خۆشت ئەوێم؟
پێم ئەڵێی..
چاوەکانت دوو ڕاوچین و
زۆر دەمێکە دڵی منیان پێکاوە
لێوەکانت دوو کۆترن و
بانگی ئەشقی لێوەکانم ئەکەن
بۆ ماچ
دڵیشت بەندیخانەی ئەزەلی منە
ئیتر لێم مەپرسە..
بۆ..؟!
خۆشم ئەوێیت و بۆیە!

# وەک گزینگی بەربەیانان بێئەمان و دنیاگربن


## (وتەکانی دوایین ڕۆژی مامۆستایەکی وانەی ڕۆژنامەنووسی)

سەدرەدین ئیلاهی (*)

وەرگێڕانی: ع. وریا

قوتابییە خۆشەویستەکانم!

ئەمرۆ دوا ڕۆژی کۆبوونەوەی ئێمەیە. ماڵاوایی لێک دەکەین و هەر کام لە ئێوە بە



ڕێگایەک دا دەڕۆن کە ئەگەر سەرەتاکەی روون نیە، کۆتاییەکەی بۆ هەموومان ئاشکرایە. دەمەویست بۆ دوایین ڕۆژی کلاس، قسەیەکتان لەگەڵ بێنمە گۆڕێ، نەک لەو قسانەی تا ئێستا کردوومن و لێتان بیستووم. کلاسی تاڵی ئێوە زۆر درەنگ بەلامەوە شیرین بوو و، هەزار مخابن کە هێندێک لە ئێوە لەوانەیە وێنەیەکی ئەوتۆی من لە زەینی خۆتان دا هەتا ساڵانی زۆردوور هەڵ بگرن کە هیچ شێوەیەکی ئەو کەسە نەدا کە منم.

لەوە کە ئامۆژگاریتان بکەم و ڕێتان بۆ دەست نیشان بکەم بە تەواوی بێزارم. چونکە بۆخۆم چ ئەو کاتەی هەوای لاوەتیم لە کەللەی دابووو، چ ئێستا کە بەفری پیریم لە سەر نیشتوە، لەوانە کە دڵیان پێم دەسووتاو هەروەها لەوانەی نهێنی و ڕەمزی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیان بەگوێ هەڵ دێنام، زۆر بێزار بووم. ئێوەش وابن. کەوابوو با بە زمانێک کە تا ئێستا پێی نەدواوین، پێکەوە بدوێین.

ئازیزانم!

بیر لە مرۆڤ بکەنەوە کە لە ئاست بەرزی و بڵێندیی ئەودا، چیاکان نزمن؛ لە دلۆڤانی و میهرەبانی، کە سەرسەوزی و فێنکایی دەبەخشێ بە گەرووی زەوی.

تاقە کەسێک هەمیشە بە هەموو شتێک مەزانن، چونکە سەردەمی ئێمە، ڕۆژگاری پێوەندی و تێک ئاڵقانی هەموو دەستەکانە لە هەموو بەستێنەکان دا.

خۆشەویستانم!

لە ئەزموون و تاقیکردنەوە مەسلەمینەوە. ترسنۆک و بودەڵەکان پێتان دەڵێن بەردە «سماتە» لە شکان نایە، جارێ بە نینۆک و جارێ بە چنگورک تاقی بکەنەوە، بزانن وایە؟

بە وەسوەسەی بۆنی عەترو چێژی ماچان، چڵک و کێم و زووخاوتان لەبیر نەچێتەوە. لە تابووتی سیسرکان دا، نوێژی مردوو بۆ باڵای بەرزی داران دامەبەستن. بڕواتان بێ بە جەنگەڵ و دەریاو رووەک. ئەگەر دارێک بەلادا هات و کەوت، هەموو دارو چی بەهارە خۆنەمردوون.

ئازیزانم!

بە ڕۆڵەکانی خۆتان بڵێن بە ڕۆڵەکانی خۆیان بڵێن: لەم خاکە ورشەدارەدا، دڵ و گیانی سەوزی داران، هەموو کات لە لێدان دابووەو، ماڵی داربڕو بیوربەدەستان هەمیشە وێران.

وەک گزینگی بەربەیانان بێئەمان و دنیاگربن، با چێژی باوێشکەکانی شەپۆلەکان، لە ژێر مەچەکی زەردەی بەیانی دا، هەست پێبکەن.

لەوانەیە ساڵێکی دی، چەکی دەستتان کە قەڵەمێکی بچووکە، ببێتە خەنجەرێکی دەبان. وشەکانتان، با وەک ئاوی ئەفسووناوی، رووی دزێویی بشواتەوە. لەگەڵ وشەکانتان، هەڤاڵ و هاوڕێ و برا بن، وەک بلێتی شانس و بەخت دوانیوەڕۆی هەموو ڕۆژانی چوارشەممۆ، نەچن سووکێ بیانفرۆشن.

بە دەنگتان کە کاتێ برژێنە نێویەک، دەبن بە هەورە تریشقەیەک، ئاوازێ بڵێن کەلەودا لەرەی خوماری چاوەکان نەبنە هەموو وردە خەمی گۆرانییەک، ئاوازێ بڵێن کە مرۆڤ لەودا لە گوڵی «ئەقاقیا» بۆن و بەرامەی خۆشترو، لە دەمی کێردی ئاشپەزخانە تیژترو بە برشتتر بێ.

کاتێک کە چوونە سەر شەقام وەکوو دارە سەرسەوزەکان، چراکانی «ترافیک لایت» لەئامێز مەگرن. ئەوان، ئەو ڕێیانەتان نیشان دەدەن کە دەبێ پێیان دا بڕۆن، لە چوون بۆ جێیەکیش کە «بڤە»یەو نابێ پێی لێ دابنێن، دەتانگێڕنەوە. چەندە خۆشە ونبوون لە نێو جەنگەڵێک دا کە دارەکانی سەمیمانە نامۆو وەحشین، ڕێ دیتنەوەو سەرەدەرکردن لە شارێک دا کە شەقامەکانی لە چەشنی شەقڵی شەڵواری ڕەنگ خۆڵەمێشیی «فلانێل»ی ئوتووکراو، ڕێک و ڕاستن، چێژێکی نیە.

کاتێک ژیانی ئاسوودە بە دەمی زل و هەراشیەوە، بەو دەمە کە کەلپەکانیان لە توورەیی و شەهوەت بۆکردوە، بەرامبەرتان وەستاو ویستی وەک پاروویەک هەڵتان لووشێ، تەنیا ئەوەندەی پێ بڵێن:

«ئەگەر من خۆم بەگەرووی رسوابیدا بکەم، کۆترەکان لە ماڵێم دا دەمرن و لەیلووپەر بە دیواری حەوش و حەسارم دا هەڵ ناچێ».

ئازیزانم!

لە دوورترین ڕۆژەکان دا، درندەیی برسیەتی، بە ڕەزای قورسی کاوێژ هێنانەوەیەک مەفرۆشن.

ددانەکانتان لە لای سەرتاشی گەڕەک مەکێشن و لۆکەی لەجێ مەچێنن.

(*) ئەمە دەقی وتەیەکی «صدرالدین الهی» شاعیرو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە دوایین ڕۆژی وانەتنەوەی لە مەدرەسەی ڕۆژنامەنووسی دایە کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٣ لە تاران پێشکێشی کردوە. «صدرالدین الهی» ئێستا لە «بێرکلی»ی کالیفورنیای ئەمریکا دەژی.

سەرچاوە: گۆڤاری «روزگار نو» بانەمەڕی ١٣٧٦

# پێکهاتە و پێکهاتە خوازی

وەرگێڕانی: ب. هیوا

**پێکهاتە**
(Stractur)

سەرجەمی پێوەندییەکانی بەشەکان و لەتەکان (پارچەکان) لەگەڵ یەکتر و بەم پێیە سەرجەمی پێوەندییەکانی بەرهەمێک تەنانەت وەک ئەڵمانییەکان لەباسی گشتالت دا دەڵێن، دەکرێ باسی پێکهاتەی یەک وشە، یەک رستە، یەک گرێ (بەند)، یەک فەسڵ، یەک کتێب و هتدیش بکەین. پێکهاتەی رواڵەتی (دەرەوە)ی شانۆنامەیەک، پەردەکان و دیمەنەکانی و هاوسەنگیی بەیەکەوە گرێدراوی ئەوان دەگرێتەوە. پێکهاتەی رواڵەتیش، نیشاندەر و دەربڕی ئەو ڕووداو و کردەوانەیە کە لەسەر شانۆ، بەڕێوە دەچن. «جان کرورانسم» بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم چەمکە بەکار دێنێ. ئەوەتا دەڵێ: پێکهاتەی شێعرێک، دەربڕین یا پوختەی ناوکەی سەرەکیی شێعرەکەیە (پێکهاتەی لۆژیکیی شێعرەکەیە) ئەمەش لەحاڵێک دایە کە شتەکانی دیکە هەموویان (وشەکان، دەنگەکان، وێنەکان، ئاماژە پەنامەکییەکان (اشارات ضمنی) کە لەڕێگای بارگاوی کردنی لە وشەکان دێنە دیو، هتد) بە پێکهاتەی خۆجێیی (بافتار محلی) دادەنرێن.

**پێکهاتە خوازی**
((Stracturalis

بزووتنەوەیەکی فیکری مۆدێرن کە دیاردە کەلتوورییەکانی بەگوێرەی بنەماکانی هەڵێنجراو لە زمانناسییەوە راڤە دەکا و، لەسەر پێوەندییە دوولایەنە سیستماتیکەکانی نێوان توخمەکانی هەر تێکۆشانێکی مرۆیی و لە ئاکام دا لەسەر ڕێسا و ڕێکەوتنە ئابستراکت (دابڕاو)ەکانی زاڵ بەسەرە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی واتا دا، پێ دادەگرێ. پێکهاتە(ستراکتورالیزم) کە لەسەر بناغەی چەمکی زمانناسیی «واج»۔ یەکەی دەنگی واتادار کە تەنیا بەپێی جیاوازی لەگەڵ واژەکانی تر پێناسە دەکرێ ۔ دامەزراوە، دەڵێ توخمەکانی پێکهێنەری هەر دیاردەیەکی کەلتووری (لە چێشت لێنانەوە تا دراما) وەک یەک لایەنی «ڕێژەیی»یان هەیە، واتە تەنیا بەهۆی ناتەباییان لەگەڵ توخمەکانی دیکەی سیستم، بەتایبەتی لە هەمبەرە دووانەکان (تقابل دوگانە)دا دەبن بە خاوەنی واتا. واتاکانیان نەک لە گەڕاندنەوەی هەر توخمێک بۆ هاوتایەکی فەرزی لە راستییەکی سروشتیدا، بەڵکوو تەنیا بە راڤەکردنی رۆڵی ئەو توخمە لە ڕێسایەکی کەلتووریی بە خۆ پشت ئەستووردا، دەتوانین دیاری بکەین و دەری ببڕین. بەم پێیە راڤەی پێکهاتەخوازی، خوازیاری سیستەمێکی بناغەیی یا Longue یە کە بەسەر کوتنەکان یا نموونە تاکییەکان دا زاڵە. لە نووسینی یاساکانی تێکەڵ کردنی توخمەکانی سیستەمێکی ئەوتۆدا، جیاوازی لەنێوان یەکییەکانی شیاوی گۆڕین (واحدهای قابل تعویض) Paradigms و زنجیرەیەک لەم یەکانە لە پێکهاتە Syntagms دا دادەنێت و لە ڕێگایەوە، «نەحو»ی بنەڕەتیی کەلتووری مرۆیی دێنێتە گۆڕێ.

پێکهاتەخوازی و «زانستی نیشانەکان» (بڕوانە نیشانە ناسی)، بە زۆری لە تیۆرییە زمانناسییەکانی فێردنیان دوسوسور (١٨٥٧-١٩١٣) و، تا ڕادەیەکیش لە فۆرمالیزمی رووسی و ریوایەتناسی (زانستی ریوایەت)ی پێوەندیدار بە رواڵەتناسی «چیرۆکی عامیانە» (١٩٢٨) لە نووسینی ویلادیمێر پراپەوە، بەدی کراوە. لە دەیەی ١٩٦٠دا دوای ئەو باسە بەربڵاوانەی پێوەندییان بە کەڵکوەرگرتنی «لوی استروس»، خەڵکناسی هاوچەرخ لە راڤەی پێکهاتەیی لە ئوستوورەناسی لە فەرانسەدا هەبوو، برەوی پەیدا کرد. پێکهاتەخوازی لە لێکۆڵینەوی بەرهەمە ئەدەبییەکان دا، بە رەتکردنەوە و وەلانانی ئەو باوەڕە کۆنانە دەناسرێتەوە کە بە گوێرەی ئەوان، ئەدەبیات «ڕەنگدانەوەی واتای مەبەستی بۆچوونی دانەر، یا ڕەنگدانەوەی راستییە». بەپێی ئەم تیۆرییە، «دەق»، پێکهاتەیەکی ئوبژێکتیڤە کە ئەو ڕێسا، ڕەمز و ڕێککەوتنە جۆراوجۆرانە چالاک دەکا گە لەئاست دانەر، خوێنەر و راستەقینە دەرەوە، سەربەخۆن. ڕەخنەی پێکهاتەخواز، زۆر ناپڕژێتە سەر ئەوە کە بڵێ واتای بەرهەمە ئەدەبییەکان چییە، بەڵکوو دەیەوێ ئەو خاڵە شی بکاتەوە کە بەرهەمی ئەدەبی کە ئەو واتایەی هەیە، چۆن ئەم واتایە دەدا. واتە نیشان دەدا کە کام لە ڕێساکان و ڕێککەوتنەکان لە بەرهەمێک دا هەن و چالاکن. نەریتی پێکهاتەخواز بەتایبەت لە ریوایەتناسی (زانستی ریوایەت)دا، لە راڤەی پراپ لەبارەی رۆڵی ریوایەتەوە بگرە تا دەگاتە تیۆریی Actant ی گریماس، هێزی وەرگرتوە و پێیان دەوڵەمەند بووە. ڕۆلان بارت، ڕەخنەگری فەرانسەیی، پسپۆر و شارەزای هەڵکەوتەی راڤەی ئەدەبیی پێکهاتەخواز بەتایبەت کە کتێبەکەی دا کە ناوی S/Z (١٩٧٠) بوو ۔ و سەبارەت بە راڤەی زیرەکانەی لەبارەی کوشتی (زۆرەوانی)، ئیستریپ تیز و، دیاردەکانی دیکە لە ئوستوورەناسی دا (١٩٧٥) بەناوبانگە. بەم حاڵەش هەندێک لە بەرهەمەکانی دواتری، نیشاندەری چوونی ئەو بۆ نێو قوناغی دوای پێکهاتەخوازی (پسا ساختارگرایی)یە، کە لەگەڵ ئەم تێپەڕبوونەدا، خۆڕانانی دڵنیایانەی پێکهاتەخوازی بە «زانستی بوون»ەوە وەلا دەنرێ. بۆ شۆڕ بوونەوەی زیاتر بەناخی ئەم باسەدا، خوێندنەوی پێکهاتەخوازی و نیشانەناسی (١٩٧٧) لە نووسینی ترنس هاوکس، بوتیقای پێکهاتەخواز (١٩٧٥) لە نووسینی جاناتان کالێر، و پێشەکییەک بۆ پێکهاتەخوازی لە ئەدەبیات دا (١٩٧٤) لە نووسینی رابرت شوولز، سوودیان هەیە.

سەرچاوە: کتێبی «فرهنگ و ادبیات نقد» جی.ن، کادن

ترجمە: کاظم فیروزمند، لاپەڕەکانی ٤٣١ و ٤٣٢

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 534 5 May 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، «ڕۆژنامەی کوردستان» و رادیۆ دەنگی کوردستان لە ژۆری جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
- www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## پەیکەرەکانی شاری تاران بزر دەبن



ماوەی چەند ڕۆژێکە بەشێکی زۆری پەیکەرەکانی شاری تاران یەک بە دوای یەک دا دەدزرێن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نەمانی پەیکەرەکان لە ئێران دیاردەیەکی نوێ نییە بەڵکوو بەر لەمەش بزربوونی پەیکەرەکان هەبووە.

بە وتەی کارناسان دزینی ئەم پەیکەرانە کە زۆر بە تێبینییەوە لە شوێنێک دامەزراون زۆر ئاسان نییە چونکی پێویستی بە کاتی زۆرو کەرەسەی هەڵکەندن و بار کردن هەیە. لە لایەکی دیکەوە ئەم پەیکەرانە لە شوێنی قەرەباڵغی وەک باخی گشتی و بەردەم هۆڵ و بینا گشتییەکان دامەزراون.

«پەرویز تناولی» پەیکەرتاش لە وتووێژێکدا لەگەڵ بی بی سی دەڵێ: لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا حەوت پەیکەرم داتاشیوە کە چواریان دزراون. ئەگەرچی «تناولی» دەڵێ دزەکان ئەو پەیکەرانە دەدزن و دوای وردوخاش کردنیان برۆنزەکەیان دەفرۆشن، بەڵام بە پێی لێکدانەوەی هێندێکی دیکە ئەم هانەیە ناتوانێ بۆ دزینی پەیکەرەکان پاساودەربێ. چونکی فرۆشتنی برۆنزی پەیکەرەکان هیچ دەرناهێنێ و پێویستە بوترێ دوابەدوای ئەم ڕووداوانە لەم دواییانەدا لە یەکێک لە خوتبەکانی ڕۆژی هەینی دا، باس لە حەرام بوونی پەیکەر لە ئایینی ئیسلام دا هاتۆتە گۆڕێ.

## ئەحمەدینژاد دوژمنی ڕۆژنامەنووسانە

reporters without borders

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور نیگەرانیی خۆیان لە بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانی ئێران دەربڕی.

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بە بۆنەی ڕۆژی ئازادیی چاپەمەنی (٣ی مای) لە بەیاننامەیەک دا ڕەخنە لە زیندانیکردنی (٣٥) ڕۆژنامەنووس لە وڵاتی ئێران دەگرێ و هاوکات ئەحمەدینژاد بە دوژمنی چاپەمەنییەکان ناو دەبا.

لە بەیاننامەی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنووریش دا هاتوە کە هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان لە کاتی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێران دا بە توندی دەستی پێکردوەو ئەو حکوومەتە هەموو ڕۆژنامە ئازادەکانی دابخاو هەوڵی دا هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە دادا بن.

هاوکات لەم بەیاننامەیەدا هاتوە ساڵی (٢٠١٠) ٩ ڕۆژنامەنووس کوژراون و ٣٠٠کەسی دیکەش زیندانی کراون.

## ئەستێرەکانی هالیوود داوا دەکەن بە زوویی پەناهی ئازاد بکرێ



کۆمەڵێکی زۆر لە دەرهێنەران و ئەکتەرە ناودارەکانی هالیوود بە دەرکردن و واژۆی نامەیەک داوا دەکەن دەرهێنەری بەندکراوی ئێرانی «جەعفەر پەناهی» هەرچی زووتر ئازاد بکرێ، ئەم نامەیە کە لە لایەن ٢٠ کەسایەتیی ناوداری هالیوودەوە لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە، سەرەڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە «پەناهی»، داوای ئازادکردنی هەموو ئەو هونەرمەندانە دەکا کە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە گیراون.

بەر لەو ماوەیەش بە چەندین سینەماکار، نووسەرو ڕەخنەگر لە وڵاتانی جیاواز لە ڕێگەی نامەو بڵاوکراوەکانەوە ڕەخنەیان لە گرتنی «پەناهی» کردوەو داوای ئازادکردنیان کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێژیم بە پیر هەوڵانەوە نەچووەو پشتگوێی خستوون.

«پەناهی» سینەماکاری ناسراوی ئێرانی لە ئاستی جیهان دا بە هۆی پشتیوانی لە بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی نێوخۆیی و بەشداری لە ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردن وێڕای بنەماڵەو میوانەکانی دەسبەسەر کرا، بەڵام دواتر بنەماڵەکەی و میوانەکانی ئازاد کران. ئێستا تەنیا خۆی لە بەندیخانەدایە.

## کورد بەشداری فیستیڤاڵی ساڵانەی نەتەوەکانی کرد



بە بەشداریی نەتەوەی کوردو ٣٦ نەتەوەی دیکە فیستیڤاڵی ساڵانەی نەتەوەکان لە وڵاتی ڕووسیە لە ٢٧ ئاوریل بەڕێوەچوو.

لەو فیستیڤاڵەدا کە لە زانکۆی نێودەوڵەتیی «تولە»ی ڕووسیەو بە ئامادەبوونی میوانێکی زۆر لە نوێنەرو بالوێزو کونسولگەرییەکانی وڵاتانی جیهان و چەندین مامۆستاو خوێندکاری زانکۆکانی دیکە ڕووسیە بەڕێوەچوو ٣٧ نەتەوە بەشدار بوون و چەند خوێندکاری کورد چالاکیی جۆراوجۆری هونەری و کلتووری و فۆلکلۆری کوردییان پێشکەش کرد.

ئەو خوێندکارانە کە بە مەبەستی خوێندن لە وڵاتی ڕووسیان لەم فیستیڤاڵەدا بە ئامادەکردنی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی کە سەرجەم دیمەنی سروشتی کوردستان و بابەتە فەرهەنگی و کلتووری کوردەوارییان تێدا دیار بوو، بوونە مایەی سەرنجی ئامادەبووان و کاناڵەکانی ڕاگەیاندن. هەروەها شەکانەوەی ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای سەرجەم وڵاتانی بەشدار و چەند جۆر هەڵپەڕکێی کوردی بە جلی ڕەنگاوڕەنگی کوردییەوە بەشێکی دیکەی چالاکی خوێندکارانی کورد بوون.

## بڵاوکراوەی نوێ



ژمارە ٢٦ی گۆڤاری "تیشک" کە لە لایەن کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەردەکرێ لە ١٢٤ لاپەڕەدا کەوتە بەر دەستی خوێنەران.

خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانە بخوێننەوە: ناسیۆنالیزمی فارس، ستراتیژی و چەمکە دەسکردەکانی، قەومییەت، ناسیۆنالیزمی قەومی و ئاسایشی نەتەوەیی، پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز، نادیارترین توخمی ڕێکخراو، ژنان و کارەساتی ژینگەو دیمانەیەک لەگەڵ جەلیل گادانی لە سەر کۆماری کوردستان و هتد.

## ژمارەی نوێی گۆڤاری "کوردستان لە سەدەی بیست و یەک دا" (K٢١) کەوتە بەر دەستی خوێنەران



ژمارەی ٧ی گۆڤاری کلتووری، زانستی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی و وەرزیی K٢١ لە ٦٢٠ لاپەڕەدا کەوتە بەر دەستی خوێنەران. لە ژمارەی نوێی K٢١دا، وەک ژمارەکانی رابردوو چەندین بابەتی بەنرخ سەرنج ڕادەکێشن. ژمارەی ٧، تایبەتە بە یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە. هێندێک بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە:

کۆچی دوایی مێژوونووسی گەورە میخائیل لازەییف، یادداشتی گەلی کورد بۆ کۆنگرەی دەوڵەتە بێلایەنەکان لە شاری قاهیرە ١٩٧٥، گەورە پیاوی کورد: خوسرەو تۆفیق، ژیان و کەسایەتی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، شەهید ساڵح عەسکەری، یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بڵاوکراوەی دەستنووسی یاخیبوون، "ژیان" کەی دەرچووو؟، دەقی گۆڤاری ژیان، دەقی هەر سێ ژمارەی ڕێژنە، یادی ٧٥ ساڵەی گۆڤاری ڕووناکی، دڵزاری تێکۆشەرو شاعیر، مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ چەند بە گەورەیی تەماشای کتێبخانەی دەستنووسی کردوە، عەبدوڵڵا حەسەن زادەو ئەزموونی نووسین و وەرگێڕان، هەژارەکەی هەژاران و ...

ژمارە ٧ ئەم مژدەیەشی تێدایە کە گۆڤاری K٢١ لەمەودوا، لە باری دارایی یەوە لە تەنگانەدا نابێ، چونکە بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری عێراق خەرجی گۆڤارەکەو بارەگاکەی دابین کردوە.



## دیسان مرواریی دەریای وشە



- ڕووحێک کە جوانیی دەبینێ جاروبار بەتەنیا دەمێنێتەوە.
- بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو کەسەیە لە ماڵەکەی خۆی دا بۆ بەختەوەری دەگەڕێ.
- ڕەفتاری هەر مرۆڤێک ئاوێنەیەکە کە ئەو سیمای خۆی تێدا نیشان دەدا.
- دەرمان زۆرە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان کاریگەرییان هەیە.
- ژیان ئەو جۆرەی چاوی لێ دەکەی جوانە.
- دڵێک کە ماڵی خۆ پێزۆرییە، جێگەی خۆشەویستی نیە.
- مرۆڤی ئازا هەل دروست دەکا، ترسنۆکەکانیش لە چاوەڕوانیی هەل دا دادەنیشن.
- دایک شاکاری سروشتە.
- کاتێک مرۆڤ ئاسوودەیی لە خۆیدا نەبینێتەوە گەڕان بۆی لە شوێنی دیکە کارێکی بێسوودە.

**چەند وتەیەک لە زانا و شاعیری بەناوبانگی ئاڵمانی «گوتە»**

بەر لە ماڵاوایی

## بە یادی هاوڕێی جوانەمەرگ جەعفەر زمانی

**قادر وریا**

ساڵێک بەسەر مەرگی ناوەختی هاوڕێی خۆشەویست جەعفەری زەمانی دا رابرد. جەعفەری زەمانی، ئەو هاونیشتمانە ئازەرییەی دانیشتووی نەغەدە بوو کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ بوو لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک پێشمەرگە و کادرێکی سیاسی، لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و دابینبوونی مافەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئەم وڵاتە دا خەباتی دەکرد.

جەعفەر، بەر لەوەی بێتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران دا بوو. تێکۆشانی جەعفەری زەمانی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە هەلومەرجێک دا دەستی پێ کرد کە زۆر لە هاوشارییە هاوزمانەکانی جەعفەر بە دنەدانی کاربەدەستانی تورکی ڕێژیم لەو شارەو لە پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، دژی کوردو بۆ قەلاچۆی کوردان چەکیان هەڵ گرتبوو و چەندین تاوانی وەک "قارنێ" و "قەڵاتان" و "کانی مام سەیدە" و "ئێندر قاش" و" سۆفیان" و "سەرووکانی" یان خوڵقاندبوو. جەعفەر بەو هۆیەوە کە خاوەنی ئاگاییەکی سیاسی و فەرهەنگیی بەرز بوو، دەمارگرژیی ئایینی و نەتەوەیی و پیلانگێڕیی کاربەدەستانی ڕێژیم کاری تێ نەکردو نەک هەر نەکەوتە داوی دژایەتی و شەڕفرۆشی دژی کورد، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە سەنگەری شۆڕشی کوردستان و ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بۆ ئازادی و دێموکراسییەک کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تازە لە خەڵکی ئێرانیان زەوت کردبوو، هەروەها بۆ ئەو مافە نەتەوەییانەی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەتەوەکانی ئێرانی لێ بێبەش کردبوون، خەبات بکا.

جەعفەری زەمانی، لە مەیدانی شەڕو خەباتی چەکداریدا، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو و بوونی لەگەڵ هەر دەستە و تیمێک و بەشداریی لە هەر عەمەلیاتێکی نیزامی دا، بۆ بەرپرسان و فەرماندەران و هاوڕێیانی، مایەی دڵگەرمی بوو. لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی پێشمەرگە لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت دا، زۆر جار بوێری، قارەمانەتی و ئەرکناسیی جەعفەر لە سەنگەری خۆراگریدا، بینرا. کاتێکیش کاری سیاسی و تەشکیلاتی بەم هاوڕێیە سپێردراو وەک کادرێکی تەشکیلاتی ڕەوانەی ناوچەکانی دۆڵ، دەشتەبێل و شنۆ و نەغەدە کرا، لە کاری خۆی دا زۆر سەرکەوتوو بوو. چونکە جگە لەوەی ئاگاییەکی سیاسیی باشی هەبوو، لە بواری کۆمەڵایەتی و شارەزایی لە دەروونناسیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکیشدا، مرۆڤێکی ورد بوو. سادە و خۆمانە بوونی لەگەڵ خەڵک و، خزمەتکردنی سادقانەی بە بزووتنەوەی کوردستان و پێداگریی لەسەر پێویستیی برایی و هاوخەباتیی کورد و تورک، ببوون بە هۆی پێشوازیی گەرمی خەڵک لەو کادرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەتوانم بڵێم جەعفەری زەمانی لەنێو حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان دا، هەستی بە غەریبی نەدەکرد و هەموو کات لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیی زیاتر بەرەو ڕوو بوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جەعفەری زەمانی دانەبڕانی لە خوێندنەوەو فێربوون سەرەڕای جۆراوجۆرییەکانی قۆناغەکانی تێکۆشان بوو. ئەم عادەتە بە نرخەی ببووە هۆی ئەوە کۆڕو کۆبوونەوەو باسە سیاسییەکان دەوڵەمەند بکا.

لە هەڤاڵەتی و دۆستتایەتییش دا، نموونەی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بوو. هەر کارێکی بۆ دۆستان و هاوڕێیانی لە دەستی هاتبا، درێغی نەدەکرد. هەر کەسێکیش چاکەی لەگەڵ کردبا، هرگیز فەرامۆشی نەدەکرد. ئەم تایبەتمەندییانە و زۆر خووخدەی بەرزی دیکەی جەعفەریان گەیاندبووە ئەو جێگایە کە لە کۆنگرەی چاردەیەم دا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵ بژێردرا. هومێدی ئەوەش دەکرا لە هاتووی تێکۆشانی حیزبەکەی دا ڕۆڵی بەرچاوتری هەبێ بەڵام نەخۆشی و مەرگی ناوەخت، بە داخەوە جەعفەریان زۆر زوو لە بنەماڵەکەی، لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کوردستان ئەستاند.

لە یەکساڵەی جوانەمەرگ بوونی ئەم هاورێ بە نرخە دا، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمری دەنێرم و وێڕای هەموو هاورێیان و هاوسەنگەرانی بەڵێن نوێ دەکەمەوە کە یاد و ناوی زیندوو ڕابگرین.